Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# مێژووی کورد لە تۆمارەکانی (عەلائەددین سەجادی)دا (ڕشتەی مرواری) وەك نمونە

## لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی-شیکاری)یە

کەیوان ئازاد ئەنوەر

بەشی مێژوو-کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی-سلێمانی

**Article Info**

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

**Keywords**

ئافرەت، مرۆڤناسی ئەدەبی، چیرۆک وێژی، چیرۆکئاسا بوون، ڕەمز، خوازەیی بوون، ڕشتەی مرواری.

**Corresponding Author**

kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

**پوختە**

(ڕشتەی مرواری) بە یەکێك لە دیارترین بەرهەم و نووسینەکانی (عەلائەددین سەجادی) دادەنرێت، کە لە (هەشت) بەرگدا، چەندین زانیاری گرنگی لەسەر ژیانی (سیاسی، ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری)و چەند بوارێکی تری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردی بۆ تۆمار کردوین. ئەو زانیاریانەشی لەو (هەشت) بەرگدا تۆمارکراون، بەشێکیان لە بەرهەم و سەرچاوە مێژووییەکانی تردا بەردەست نین، بۆیە بە پێویستمان زانی، لە توێژینەوەیەکدا کاری لەسەر بکەین و پێشکەشی یانزەیەمین کۆنفڕانسی زانستی زانکۆی گەرمیانی بکەین، کە بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدیبان و نووسەرانی کەلار بەڕێوەدەچێت.

لەم سۆنگەیەوە توێژینەوکەمان بەناونیشانی (مێژووی کورد لە تۆمارەکانی عەلائەددین سەجادی-ڕشتەی مرواری وەك نمونە) کردە توێژینەوەیەکی زانستی و لە دەروازەییەك و (پێنج) تەوەردا کارمان لەسەرکرد. لەدەروازەکەدا تیشکمان خستەسەر ژیان و کەسایەتی (عەلائەددین سەجادی)و بەرهەمەکانی. تەوەری یەکەمیش بۆ نووسین و شێوازەکەی و مێژووی کورد لەتۆمارەکانیدا تەرخانکرا. تەوەرەکانی دووەم تاپێنجەمیش بۆدۆخی کوردستان لە بوارەکانی (سیاسی، ئاینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) لە کۆی بەرگەکانی ڕشتەی مرواریدا تیشک خراوەتەسەر. دواتر بەئەنجامێك، کە توێژەر پێگەیشتووە، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنراوە، کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە. هیواداریشین ئەم کارەمان کەلێنێکی مێژوویی وزانستی لە کۆنفڕانسەکە و بوارێکی ژیان و خزمەتەکانی ئەو کەسایەتییە کوردە پڕبکاتەوە.

## پێشەکی:

(عەلائەددین سەجادی) بە یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی کورد دادەنرێت، کە لە ماوەی (٧٧) ساڵ تەمەنی ڕۆڵی خۆی لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری کوردیدا گێڕا. ناوبراو سەرباری ئەوەی مامۆستایەکی ئایینی و بۆ ماوەی ساڵانێك پێش نوێژ و وتاربێژی ئایینیش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی باشی بە مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردی کرد. یەکێك لەو بوارانەشی کاری لەسەرکرد ئاوڕدانەوە بوو لە مێژووی کورد.

لەم سۆنگەوەو بۆ ئەوەی ئاوڕێك لە هەوڵ و ماندووبوونەوەکانی بدەینەوە، مێژووی کوردمان لەتۆمارەکانی (عەلائەددین سەجادی) کردە توێژینەوەیەکی زانستی. لەنێو تۆمارە مێژووییەکانیشی، تەنیا (هەشت بەرگ (ڕشتەی مرواری)یمان هەڵبژارد. ئەوەش بەهۆی ئەوەی خودی ئەو بەرهەمە ئەوەندەی وەك بەرهەمێکی تەنز و ئەدەبی ناسراوە، وەك بەرهەمێکی مێژوویی سەیرنەکراوە، بەڵام کاتێك خوێنەر بەنێو لاپەڕەکانیدا گوزەر دەکەین، بەچەندین تۆمار و زانیاری مێژوویی گرنگ ئەگات، کە هەندێکیان لە سەرچاوە مێژووییەکانی تردا بەردەست نین. هەربۆیە لەدەروازەییەك و(پێنج) تەوەردا کارمان لەسەرکرد.

دەروازە

ژیان و کەسایەتی و بەرهەمەکانی عەلائەددین سەجادی

١-١: ژیان و کەسایەتی (عەلائەددین سەجادی): (عەلائەددین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدین)(عوسمان سەیدقادر، ٢٠٠١: ل٢٠٩)، لەبنەماڵەیەکی ئایینی و لەساڵی (١٩٠٧ز) لەدایکبووە. هەندێك بۆ گوندی (باراو)ی قەزای شارباژێری دەگێڕنەوە(وسمان سەیدقادر: ل٢٠٩، جمال بابان، ٢٠٠٦: ص٥١١)، بەڵام لەڕاستیدا لە گەڕەکی (قەتارچیان)ی شاری (سنە)ی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە(ابراهیم عبدالکریم کریدیه، ٢٠٠٧، صص٣٩٦-٣٩٧، چاوپێکەوتنی بێستون عەلی کەریم، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتنی موحەممەد ئەمین پێنجوێنی، ٢٠٢٢). بۆ خوێندنی ئایینیش ڕوویکردۆتە ناوچەی باڵەکایەتی و ڕەواندوز(چاوپێکەوتنی بێستون عەلی کەریم، ٢٠٢٢). دواتر لەساڵی (١٩٢٣ز) بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی هاتۆتە شاری (سلێمانی). لەوێش لە (مزگەوتی حاجی شێخ جەلال) لای (مەلا شێخ جەلال)و دواتر لە (مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسولی سەفەوت) لای (مەلا ڕەسولی سەفەوت) درێژەی بە خوێندن داوە(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩). ساڵی (١٩٣٨ز)یش لەسەر دەستی (شێخ بابا عەلی قەرەداغی) بڕوانامەی زانستی ئایینی وەرگرتووە(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩، بابان: ص٥١١).بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ئایینیشی ڕووی کردۆتە شاری (بەغداد)و دوای تەواوکردنی ئەو قۆناغەی خوێندنیش لە مزگەوتی (نەعیمە خاتون)ی گەڕەکی مەیدان، بۆتە پێش نوێژ و ووتار خوێن(عەلائەددینی سەجادی، ١٣٨٨هـ: ٧٣٨/٧، بابان: ص٥١١). لەکاتی مانەوەشی لەو شارە لای (شێخ ئەحمەدی زەهاوی و شێخ موحەممەدی قزڵجی)خوێندوویەتی. دواتر لە (مزگەوتی حەیدەرخانە) بە پێشنوێژو ووتاربێژ دامەزراوە (عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩). ساڵی (١٩٣٧ز) چۆتە بواری ڕۆژنامەگەری. یەکەمین ئەزموونیشی لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد/١٩١٤-٢٠٠٠ز)و دەرکردنی (گۆڤاری گەلاوێژ) بووە، کە تا ساڵی (١٩٤١ز) ئەرکی بەڕێوبەری کارگێڕی گۆڤارەکەی گرتۆتە ئەستۆ. دواتر بەهۆی سەرقاڵی (ئیبراهیم ئەحمەد) بە کاروباری سیاسییەوە، بۆتە سەرنووسەری. ئەمەو تا ئەو کاتەی گۆڤارەکە لەساڵی (١٩٤٩ز) ڕاگیرا، سەرنووسەری بوو(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩، بابان: ص٥١١).

لە هەوڵێکی تری کاری ڕۆژنامەنووسیدا لەساڵی (١٩٤٨ز)دا (گۆڤاری نزار)ی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩). هەرخۆیشی خاوەن مۆڵەتی گۆڤارەکەو بەڕێوبەری بووە(بابان: ص٥١١). ئەوەش کەوتە سەرووبەندی ڕێکەوتنی حکومەتی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیاو واژۆکردنی (پەیمانی پۆرتسمۆس) لە (١٥کانوونی دووەمی١٩٤٨ز)و ئەو خۆپیشاندانانەی لەپەراوێزی نارەزایی ئەو پەیماننامەیەدا کەوتەوە (مجموعة من المؤرخين، ١٩٨٣: صص٧١٩-٧٢٢، كاظم حبيب، ٢٠١٣: ٥/١٤٥-١٨١).

کاتێکیش ڕژێمی پادشایەتی لە (١٤ی تەمموزی١٩٥٨ز) ڕووخا، قۆناغێکیتر لەژیانی سیاسی عێراق و تەنانەت خودی (سەجادی)ش هاتە ئارا، بەهۆی ئەوەی دەرفەتی بۆ ڕەخسا، وەك مامۆستای مێژووی ئەدەبی کوردی لە بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغداد وانە بڵێتەوە. ئەو ئەرکەشی، تا ساڵی (١٩٧٤ز) درێژەی کێشا. دواتر لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٨ز) وەك ئەمینداری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دانرا(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩، بابان، ص٥١١).

لە ساڵی (١٩٧٨ز)، تا ساڵی (١٩٨٤ز) لە شاری (بەغداد) مایەوە(چاوپێکەوتنی بێستون عەلی کەریم، چاوپێکەوتنی حەمەسەعید حەمەکەریم، ٢٠٢٢). لەو ماوەیەشدا ئەوەی پێیکرا لەپشتیوانی و بەدەنگەوەچوونی هەر نووسەرو شاعیرو ئەدیبێك، کە بۆ چاپکردنی بەرهەمێکی هاتبێتە شاری (بەغداد)و ڕووی لێنابێت، شوێنی چاپکردنی بەرهەمەکەی کەوت و پشتیوانی دارایشی بۆ دەستبەر کرد. لەو بوارەشدا هاوکاری (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، عەبدوڵلا گۆران، شاکر فەتاح، فەهمی جاف)و دەیان کەسایەتی تری کردووە(چاوپێکەوتنی حەمەسەعید حەمەکەریم). ئەمەو سەرقاڵی کاری ئایینی و ئەدەبی خۆی بوو، تا ئەو کاتەی لەساڵی (١٩٨٣ز) بەهۆی کوژرانی کوڕە گەورەکەی بەناوی (دانا) لەجەنگی (ئێراق-ئێران)دا، کاریگەری کردە سەری و لە ڕووی دەروونییەوە لە پەلوپۆی خست و توانای وەك جاران نەما(چاوپێکەوتنی موحەممەد ئەمین پێنجوێنی، چاوپێکەوتنی حەمەسەعید حەمەکەریم). بەو هۆیشەوە دواجار لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی بەرواری (١٣ی کانوونی یەکەمی١٩٨٤ز) لە شاری (بەغداد) کۆچی دوایی کردو لە مزگەوتی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)لە نزیك ئارامگای (شێخ عەبدولڕەحمانی ئەبووەفای نەقشبەندی)و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بەخاك سپێردرا(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩، بابان: ص٥١١).

١-٢: بەرهەمەکانی (عەلائەددین سەجادی): (عەلائەددین سەجادی) لە مێژووی ژیانی خۆیدا نزیکەی (٢٢) بەرهەمی نوسراو دەیان دەستنووسی لە بوارەکانی مێژوو و ئەدەب پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە. بەرهەمەکانیشی فرە چەشن و پڕ زانیاری بوون، بە ئاستێك لە هەریەك لەو بەرهەمانەی هەوڵیداوە، شیکارێکی باش بۆ کۆی باسەکانی ئەو بەرهەمانە بکات. ئەمەو بەشێکی بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی و بە زمانی عەرەبیش بەرهەمی هەبووە. بەرهەمە نووسراوەکانیشی، هەمەچەشن بوون، لەوانە (مێژووی ئەدەبی کوردی، هەڵبژاردە، ناوی کوردی، دەستووری فەرهەنگ وزمانی کوردی، هەمیشە بەهار، ئەدەبی کوردی و

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، نرخ شناسی، دوو چامەکەی نالی و سالم، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، خۆشخوانی) وەك کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی. هەروەها (رشتەی مرواری)، وەك بەرهەمێکی هەمە ڕەنگ و تەنز ئامێز لە (هەشت) بەرگدا، لەپاڵ بەرهەمەکانی (محمد امین زکی، یادی پیرەمێرد، گەشتێك بە کوردستاندا، شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق، کوردەوای) وەك کۆمەڵە بەرهەمێکی مێژوویی. لە بواری فەرهەنگیشدا خاوەنی فەرهەنگێك بووە بە هەر (سێ) زمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی) بەناوی (الدستوور و قاموس اللغة الكردية والعربية والفارسية)، کە ساڵی (١٩٦٣ز) لە شاری (بەغداد) چاپی کردووە، تا بەهۆیەوە خوێنەواری کورد، فێری هەردوو زمانی (عەرەبی و فارسی) بکات و بەو (دوو) زمانە ئاشنابن، کە بۆ هەر تاکێکی کورد گرنگی خۆی بووە.

تەوەری یەکەم

نووسین و نووسینی مێژوویی لە بەرهەمەکانی (عەلائەددین سەجادی)دا

کاتێك دێنەسەر شێوازی نووسین و نووسینی مێژوویی لای (عەلائەددین سەجادی)، بە شێوازێکی تایبەت دەگەین، بەتایبەت لە بەرهەمی (ڕشتەی مراوری)دا، کە هەوڵیداوە مێژووی کورد بەشێوەیەکی تایبەت تۆمار بکات. بەر لەوەشی ئەو شێوازە بخەینەڕوو، پێویستە ئاوڕێك لە چەمکی نووسین و نووسینی مێژوویی بدەینەوە، تا لەو ڕووەوە بۆ شێوازی نووسین و بەرهەمەکانی و (ڕشتەی مرواری) بڕوانین.

١-١: (نووسین) چییە؟ (نووسین) بەرهەمێکی داڕێژراوی تۆمارکراوە لە یەکێك لەبوارە جیاجیاکانی ژیان، کە زانیاری جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. سەرجەمی ئەو بەرهەمانەش، کە نووسینی پێدەوترێت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی کۆمەڵگاکانی جیهان نوسراوەو تەرخانکراوە. هەموو نووسینێکیش ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بووە لەسەر بابەتێك یان ڕووداو و بەسەرهاتێکی دیاریکراو، دواتر ڕێکخستن و پۆلێنکردنی بەسەر ئەو باس و تەوەرانەی بابەتەکەی لەخۆگرتووە. سەرەڕای پێشەکی و چۆنییەتی پێکەوەبەستنی تەوەر و باسەکان بەیەکتری(عامر ابراهيم قنديلجي،١٩٩٣: ص٧٥). ئامانج لەوەش گەیشتنە بە بەرهەمێکی خاوێن و نووسینێکی سەرکەوتوو. باشتریشە هەر نووسینێك بۆ ئەو کات و سەردەمە بنوسرێت، کە کۆمەڵانی خەڵك پێویستیان پێیەتی و خزمەت بە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەکات(حەمەی مام ئەورەحمان، ١٩٧٩: ل٦). بەواتایەکی تر پێویست بووە نووسین خزمەتی کێشەکانی کۆمەڵ و خەون و هیوای تاکەکانی کۆمەڵگا بکات، نەك بەپێچەوانەوە، خزمەتێك نەکات(د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، ٢٠٢٢: ل١٤).

١-٢: مەبەست لە نووسینی مێژوویی چییە؟ کاتێك لە چەمکی نووسینی مێژوویی دەکۆڵینەوە، دەگەینە ئەوەی، کە ئەم جۆرە لە نووسین، یەکێك لە جۆرەکانی و بە (نووسینی مێژوویی) ناسراوە. ئەم جۆرەشیان تێکەڵە لە هەر (سێ) جۆری نووسینی (ئەدەبی، هونەری، زانستی). بەواتایەکی تر نووسینەوەی مێژوو، پێویستی بە شێوازی ئەدەبی جوان هەیە، تا ووشە و ڕستەکان بەیەکەوە گرێ بدات و ڕابردوو و ئێستا بە یەکەوە ببەستێتەوەو بە دیدگایەکی نوێوە بۆ داهاتوو بڕوانێت. هەروەها هۆیەکانی ڕوونکردنەوە و سوود وەرگرتن لە بوارە جیاجیاکانی هونەر، هەر لە وێنە و خشتە و نەخشە و جوانکاری هونەری لە نووسینەکەدا بەکاربهێنرێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، نووسینەوەی مێژوو تەواو نابێت، تا ڕچاوی ڕێبازێکی زانستی مێژووی نەکرێت و زانستیانە بۆ بەرهەم و دەق و تۆماری سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبی و هونەرییەکان نەڕوانرێت و داستان و ئەفسانە و درۆ و زێدەڕۆیی لە بەرهەم و دەقە مێژووییەکان جیانەکرێتەوە. هۆیەکەش ئەوەیە، کە مێژوو خۆی لە خۆیدا ڕۆمانێکە، بەڵام بە پێچەوانەی ڕۆمانەکان، پاڵەوانەکانی کەسانی واقعین و لەقۆناغێکی مێژووییدا بوونیان هەبووە(عبدالحسين زرين كوب، ١٣٧٠هـ.ش: ص٢٩). بۆیە لەکاتی نووسینی ئەو ڕووداوانەدا شێوازێکی زانستی پێویستە، تا مێژوونووس لە خەیاڵ و ئەندێشەکانی دووربخاتەوەو بە دیدگایەکی زانستی و ژیربیەکی کراوە بۆ دەق و تۆمار و زانیارییەکانی بڕوانێت(د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، ٢٠٢٢، ل١٧).

هەروەها ئەو کەسەی مێژوو دەنووسێتەوە، باشترە لە نووسین و نرخاندنەکانیدا بێلایەن بێت، تا لە ڕاستییەکانیش نزیك بێتەوە بە نهێنی زیاتر دەگات(کەمال مەزهەر ئەحمەد، ١٩٨٣: ل٢٦). دیارە ئەوەش ئەرکێکی ئاسان نییە، چونکە نووسینەوەی مێژوو، خۆی پێویستی بە ڕووداو و بەسەرهاتە پەرتکراوەکانە لە زاری چەندان کەس و چەند شوێنێکی جیاواز، دواتر کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەو ئەوسا داڕشتنەوەیان(هونشو: ١٩٤٤: ص٣). کاتێکیش ئەو هەنگاوانە پیادەکران، مێژوو وەك ئەدەب بۆهەمووان دەبێت، نەك بۆ شارەزایان بەتەنیا، لەبەر ئەوە پێویستە شێوازی نووسینەوەی ڕووداوەکانی ڕەوان و دڵگیر، ئاودارو نازدار بێت(کەمال مەزهەر ئەحمەد: ل٣٠). لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کەشێوازی نووسینەوەی مێژوو، زیاتر لە نووسینەکانیتر وردەکاری دەوێت و کارکردنی زانستی پێویستەو کوردواتەنی: تاقەت پڕوکێنە.

١-٣: نووسینەوەی مێژوو لای (عەلائەددین سەجادی): کاتێك ئەو پێناسانە بۆ نووسین و نووسینی مێژوو لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانی (عەلائەددین سەجادی) بەراوورد ئەکەین، دەگەینە ئەوەی، کە کۆی بەرهەمەکانی مێژوویی نین، بەڵکو لایەنی (ئەدەبی، زمانەوانی، فەرهەنگ، ڕۆژنامەوانی)و تەنانەت سیاسیشیان تێدایە، بەڵام مێژوو بەسەرجەم بەرهەمەکانییەوە زاڵە. ئەوە لەکاتێکدایە، خۆی کەسایەتی و مامۆستایەکی ئایینی بووەو لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا کاری کردووە(عوسمان سەیدقادر: ل٢٠٩، بابان: ص٥١١). تەنانەت هۆکاری نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی هەر لە خزمەت نووسینەوەی مێژوودا بووە. واتا وویستوویەتی لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە خزمەتێك بە مێژووی ئەدەبی کوردی بکات. بەو هۆیەشەوە ناوی بەرهەمێکی بۆ (مێژووی ئەدەبی کوردی) تەرخانکردووە. لەم بارەوە ووتوویەتی "ڕۆژێك شتێکم ئەخوێندەوە، کەڵێ بوومەوە، سەرلەنوێ لەدڵی خۆمدا وردم ئەکردەوە، لەمەوە کوتوپڕ هات بەبیرمدا، کە ئایا من کێم؟ وەچیم؟ نەئینگلیزم؟ نەعەرەبم؟ نەخێر، بەڵکوو کوردم، باشە کە کوردم ئەبێ لە نەتەوەی کورد بم، کە لە نەتەوەی کورد بووم، ئەمەی تێگەیاندم، کە کورد ناوی لە لاپەڕەکانی ڕۆژگاردا هەیە و ئەمیش قەومێکە بۆ خۆی"(علاءالدين سجادى، ١٩٥٢: ل١). لەم بڕگەدا دەگەینە ئەوەی، کە گەڕان بە شوێن ئەدەب و زمانی کوردی بۆ ئەوە بووە، تا بە مێژووی نەتەوەکەی بگات و ئاشنای کۆی جومگەکانی مێژووی نەتەوەکەی بێت. لەلایەکی دیکەوە نووسیوویەتی"بەتایبەتی کە دەمبینی (ئەمیر شەرەف خان)ی بەتلیسی لە

(١٠٠٥)ی هیجری و (ئەمین زەکی بەگ) لە (١٩٣٦)ی میلادی تاریخیان بۆ قەومەکەم نووسیوە بست بست گەشکەم ئەکرد و هیوام بە خۆم و قەومەکەم تازەتر ئەبووەوە"(سجادی، ١٩٥٢، ل١-٢). واتا بەرهەم و نووسینی ئەوانی بە سەرمەشق و هەوڵێکی ناوازە داناوە، بۆیە وویستویەتی لەژێر کاریگەری و زانیارییەکانی ئەواندا، خزمەتێك بە نووسینەوەی مێژووی کورد بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش شێوازێکی نوێ پیادە بکات، کە لەوان نەچێت و تەواوکەری کاری ئەوان بێت. وەك لە هەردوو بەرهەمی (گەشتێك بە کوردستاندا)و (شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق) کاری لەسەر کردووە. لەم بوارەشدا هەڵەی نەکردووە، چونکە (چوار سەدە) بەرلەهەوڵەکانی (عەلائەددینی سەجادی)، (شەرەفخانی بەدلیسی) لەهەڵسەنگاندنی (شەرەفنامە) نووسیوویەتی"لەزانایان و پیاوچاکان و دڵپاك وهەموان دەپارێمەوە زۆر بە وردی لە نووسینەکەم وردببنەوە، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن و بە پارچەیەکی چاکتروە بزگۆرێکی تازەترو پاکتر پینەی بکەن"(١٩٧٥: ل٩). دیارە (سەجادی) وویستوویەتی ئەو داوایەی (شەرەفخانی بەدلیسی) جێبەجێ بکات وهەوڵەکانی تەواوکاری ئەوانەی پێش خۆی بێت. سەرەتاش لە مێژووی ئەدەبیاتەوە دەستی پێکردووە، چونکە یەکێك بووە لەو بوارانەی نێو کۆی بەسەرهاتەکانی مێژووی کورد، کە هیچ یەك لەو (دوو) مێژوونووسەی پێشووی کورد، بە لای ئەو لایەنەدا نەچوون. هەربۆیە سەرەتا بە گەڕانەوە بۆ نووسینەوەی مێژوو ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی کوردی دەستی پێکردووە. دواتر هاتۆتەسەر نووسینەوەی مێژووی کورد. بەو کارەش توانیوویەتی تۆمارە مێژووییەکانی بە زمانێکی پاراو دابڕێژێت، تا زۆر باش جوان بگاتە خوێنەرانی و بە ئاسانی بڕژێتە ناو هەست و دەروونی خوێنەرەوە(ل٣٠).

١-٤: مێژووی کورد لەتۆمارەکانی (عەلائەددین سەجادی)دا: (سەجادی) لەکۆی بەرهەمەکانی بەشێکی بۆ تۆماری مێژووی کورد تەرخانکردووە. هەندێکیان تەواو مێژوویی و تایبەت بوون بە مێژووی کورد، وەك (محمد امین زکی، پیرەمێرد، گەشتێك بە کوردستاندا، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، کوردەواری)، بەڵام چەند بەرهەمێکی تریشی لە کۆی مێژووی کورد دوور نەبوون، وەك (مێژووی ئەدەبی کوردی، ناوی کوردی، دوو چامەکەی نالی و سالم، کوردەوای، خۆشخوانی، ڕشتەی مرواری). هەر ئەوەش وای لەنووسەرێکی وەك (عوسمان سەیدقادر) کردووە، (عەلائەددین سەجادی) بخاتە ڕیزبەندی (٢٣)مین مێژوونووسانی کوردەوە(لل٢٠٧-٢١٤).

لەنێو ئەو بەرهەمانە، یەکەمیان، کە بۆ (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ)ی مێژوونووسی کوردی تەرخانکردووە، ئاورێکی دڵسۆزانەی لە مێژوو و ژیان و کەسایەتی و بەرهەمەکانی داوەتەوە، کە خزمەتێکی بەرچاویان بە مێژووی کورد کردووە، بەهۆی ئەوەی هیچ یەك لە مێژوونووسانی بەر لە (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) چەند لایەنێکی مێژووی کوردییان تۆمار و ڕاڤە نەکردووە. وەفای (سەجادی)ش لەوەدا بووە، کە سەربارى ئەوەی بۆ ماوەیەك ئەو کەسایەتییەی بینیووە و لە ماوەیەکدا هاوسەردەمی یەك بوون، لە هەمانکاتدا کاریگەر بووە بە بەرهە مێژووییەکانی(علاءالدین سجادی، ١٩٤٨).

بەرهەمی دووەمیشی، کە تایبەت بووە بە (پیرەمێرد)ی شاعیر، بەناوی (یادی پیرەمێرد)، تێدا کۆی ئەو باس و بەرهەمانەی بۆ چلەی شاعیری ناوبراو نووسراوە، کۆکردۆتەوەو لە (١١٢) لاپەڕەدا بە چاپی گەیاندووە(سجادی، ١٩٥١، عوسمان سەیدقادر، ل٢١٠).

بەرهەمی سێیەمی بەناوی (گەشتێك بە کوردستاندا)، تایبەت بووە بەو گەشتەی لەساڵی (١٩٥٥ز) لە شاری (بەغداد)ەوە دەستی پێکردووەو هاتۆتە شاری (موسڵ)و دواتر ناوچەی بادینان گەڕاوەو هاتۆتە (هەولێر، کەرکوك، سلێمانی)، بەدوایدا بەرێگای (کەرکوك) گەڕاوەتەوە شاری (بەغداد). لەو ماوەیەشدا، کە (دوو) مانگی خایاندووە، چەندین شارو گوندی کوردستان گەڕاوەو دیداری لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەوساڵە و بەرپرس و زاناو مامۆستایانی ئایینی هەبووە و کۆی ژیانی خەڵك لەو کاتەدا بەسەر کردۆتەوە. تەنانەت زۆر بە وردی، ڕۆژبەڕۆژ، ئاراستە و شێوازی گەشتەکەی و مانەوەی لەو شوێنانەی پێویست بووە بمێنێتەوە، تا بە دیداری ئەو کەسانە دەگات سەردانی کردوون و لەلایان ماوەتەوە، تۆمار کردووە. تۆمارەکانی بە ئاستێك ورد و مێژوویین، تەنانەت باسی کرێ گواستنەوەو جۆر و تامی ئەو خواردن و خواردنەوانەی کردووە، کە پێشکەشی کراون، یان خۆی کڕیونی. دیارە ئەوەش بەدەر لە سەردانەکانی تری بۆ لای خزم و دۆست و هاوڕێکانی، بۆ شایی و زەماوەند و ماربڕین، تا بەپرسە و سەردانی نەخۆشەکان دەگات(سجادی، ٢٠٢٠: لل١٥-١٩٠).

چوارەمین بەرهەمیشی، بەناوی (شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق)، دوای کودەتاکەی (١٤ی تەمموزی١٩٥٨ز) نوسراوەو بە (شۆڕش)ی باسی کردووەو بەر لەو ڕووداوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە و دوای ڕووداوەکە نووسیوویەتی. یەکێکیش لە دیارترین بەرهەمە مێژووییەکانی بووە، کە بنەچەی کوردی بۆ بەر لە (٣٥٠٠) ساڵ پێش زایین گێڕاوەتەوە. لەو ڕووداوەشەوە هاتۆتە سەر جوگرافیای کوردستان و ئەو خاکەی نەتەوەی کوردی بە درێژایی ئەو مێژووە لێ ژیاوە. دواتر هاتۆتەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کورد و ئەو هۆکارانەی کوردیان بۆ شۆڕش هانداوە. لەنێو ئەو شۆڕشانەشی سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە، هەریەك لە (شۆڕشی بەدرخانییەکان، حەمەپاشای بابان، سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان، شێخ مەحمودی نەمر، شۆڕشی بارزان، کۆماری کوردستان، شۆڕشی چواردەی تەمموزی کۆماری عێراق) بووە(علاءالدین سجادی، ١٩٥٩: لل٨-٣٠٣). دیارە بەستنەوەی ئەو شۆرشانەی کوردیش بە کودەتاکەی (١٤ی تەمموزی١٩٥٨ز) عێراق، بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، کە سەرەتایی سەردەمی کۆماری بووە، کە نەك هەر کوردی باشووری کوردستان دڵی زۆر پێچۆشبوو، بەڵکو خودی کۆمارەکەش لە خزمەت کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیدا بوو. تەنانەت لە دەستووری عێراقیدا، کە لە (٢٧ی تەمموزی١٩٥٨) دانراو لە ماددەی (٣)دا بە فەرمی کوردی وەك هاوبەشی عەرەب لە خاکی عێراقدا دیاریکرد(جريدة الجمهورية، (٢٨ تموز١٩٥٨): ص١، الوقائع العراقية، (٢٨ تموز١٩٥٨): ص١).

پێنجەمین بەرهەمیشی (کوردەواری) بووە، بۆ داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی و شای و زەماوەند جیاوازی لەنێوان گوندو شارەکان، لەپاڵ پرسەو ماتەمینییەکان و تەنانەت بۆنە و جەژنەکان، تەرخانکراوە(علاءالدین سجادی، ١٩٧٤).

١-٥: (ڕشتەی مرواری) وەك بەرهەمێکی مێژوویی: ئەم بەرهەمەش یەکێکی دیکەیە لە بەرهەمەکانی نووسەر، بەڵام وەك پێشتر ئاماژمان پێدا ئەوەندەی تەنزە، ئەوەندە کارێکی مێژوویی نییە، بەڵام مێژوو بەسەر بەشێکی

زۆری بەرهەمەکەوە دیارە. واتە باسی هەر ڕووداو و بەسەرهات و سەرگوزشتە و دیمەنێکی کوردستانی کردبێت لەهەر بوار و دۆخێکی کۆمەڵگای کوردییدا، مێژوویەك لەپشت ڕووداوەکان و دیمەنەکانەوە بووە. بۆ ناساندن و خستنەڕووی کۆی بەرگەکانی (ڕشتەی مرواری) پشتمان بە دوا چاپ بەستووە، کە (نەجمەدین ڕەسووڵ) هەڵەبڕی چاپی بۆ کردووە و لە شاری (سنە) خۆرهەڵاتی کوردستان بە یەك کتێبی قەوارە گەورە لەساڵی (٢٠٠٩ز) بە چاپی گەیاندووە.

١-٥-١: ناساندنی (ڕشتەی مرواری): (ڕشتەی مرواری) بە واتای (گەوهەری مرواری) ناوی یەکێك لە بەرهەمە دیارەکانی (عەلائەددین سەجادی)و بە یەکێك لە بەرهەمە دانسقەکانی دادەنرێت، کە لە (هەشت) بەرگدا چەندین ڕووداو بەرسەرهات و لایەنی ژیانی کۆمەڵگای کوردی و دەوروبەری بۆ تۆمار کردووین. دیاری ئەگەرچی نووسەر لەو بەرهەمەیدا وویستوویەتی بەو ڕووداوانەی تۆماری کردوون، بزەیەك بخاتە سەر لێوی هەر تاکێکی کورد و ئەوانەی بەرهەمەکەی دەخوێننەوە، یان ئەوانەی بە زمانی کوردی ئاشنان و دەستیان بەو بەرهەمەی دەگات، بەڵام لە ڕاستیدا کۆی بەرهەمەکە، تۆماری چەندین لایەنی ژیانی کۆمەڵگای کوردی لەخۆگرتووە. هەندێك لەو تۆمارانەش لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووی کوردا دەست ناکەوێت. نووسەر وەك مێژوونووسێك کۆی ڕووداوەکانی ڕشتەی مرواری تۆمار نەکردووە، بەڵکو وەك نووسەرێك لەبواری تەنزو گێڕانەوەدا، وویستوویەتی، کۆی ئەو ڕووداوانەی بینیوویەتی، یان ئەوانەی لەلایەن کەسێکەوە بۆ نێردراوە، یان بۆی گێردراوەتەوە، یان بەتایبەت بۆ بەرهەمەکەیان ناردووە، تۆمار بکات، بۆیە بەرهەمەکە چەندە ئەدەبی و تەنزە، ئەوەندە مێژوویی نییە، بەڵام بەو پێیەی کۆی گێرانەوە و تۆمارەکان مێژووین، دەکرێت وەك کەرەسەی خاوی مێژوو لێبڕوانرێت و سوودێك بەتۆمارەکانی مێژووی کورد و مێژوونووس و پسپۆڕانی مێژوو بگەیەنێت.

١-٥-٢: کۆی بەرگەکانی (ڕشتەی مرواری): کاتێك بە کۆی بەش و بەرگەکانی ڕشتەی مرواریدا ڕۆدەچین، بە چەندین ناو و ناونیشانی جوانی کوردی و مێژوویی دەگەین، کە هەریەك لەو بەش و بەرگانە، بەرهەمی هزر و شێوازێك لە ناونان و دارشتن و بەسەرهاتێکی مێژوویی قۆناغێکی دیاریکراو بوون. کۆی ئەو بەرگانەش لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٢ز) چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بەرگی یەکەم و دووەم لەساڵی (١٩٥٣ز)و بەرگی سێیەم لەساڵی (١٩٥٨ز)و لەسەردەمی ڕژێمی پادشایەتی ئێراق چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەرگی چوارەم کەوتە ساڵی (١٩٦٩ز)و سەردەمی دەسەڵاتدارێتی بەعسییەکان دوای کودەتایی دوەمیان لە (١٧ی تەمموزی١٩٦٨ز). بەرگی پێنجەمیش کەوتە ساڵی (١٩٧٢ز)و ماوەی نێوان گفتوگۆی شۆڕشی کورد و حکومەتی ئێراق دوای ڕێکەوتنامەی (١١ی ئازاری١٩٧٠ز). بەرگی شەشەمیش کەوتە ساڵی (١٩٧٨ز). بەرگی حەوتەمیش کەوتە ساڵی (١٩٧٩ز)و دوا بەرگیش، کە بەرگی هەشتەمە کەوتە ساڵی (١٩٨٢ز). بەوەش کۆی (هەشت) بەرگەکە لەماوەی (٢٥) ساڵدا چاپ و بڵاوکرایەوە. کۆی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمەش (٨٧٢)یە، بۆیە بەو قەبارەیە و لەو ماوەیەدا نەك تەنیا مێژووی (٢٥) ساڵی کوردی بۆ تۆمار کردووین، بەڵکو چەندین زانیاری بەنرخی بەر لەو مێژووە و هەندێك زانیاری مێژووی جیهانیشی بۆ تۆمار کردووین.

١-٥-٣: بەشەکانی (ڕشتەی مرواری): کاتێکیش هەر بەشێکی بەرگەکانی ئەم بەرهەمە دەخوێنینەوە، سەرباری ئەوەی بە چەندین ڕووداو بەسەرهات و دیمەنی سەرنج ڕاکێشی گوندو شارو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و شێوە زارو ژیان و گوزەرانی کورد و خاکەکەی دەگەین، بە چەندین بەشی جیاوازیش ئاشنا دەبین. هەر یەك لەو بەشانەش تایبەتمەندی خۆی هەبووەو مەبەستی نووسەر بووە، لایەك لە ژیان و گوزەران و دۆخی هاونەتەوەو هاوپەیرەوانی تۆمار بکات. بۆ خستنەڕووی بەشەکانی ئەم بەرهەمەش تەوەرکانی هەر بەرگێك بە جیا دەخەینەڕوو:

بەرگی یەکەم: لە (قسەی نەستەق، تاڤگەی ئێڵاخ، شەکراوی دەماخ، هەندێك لە داستانی ژن، وەڵامی بێ وەڵام) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١/١-١٢١).

بەرگی دووەم: لە (لەباخێ گوڵێك، قسەی بە توێکڵ، شەکراوی دەماخ، هەندێك لە قارەمانیی ژن، قسەی تەنك) پێکهاتووە( سەجادی، ١٣٨٨: ٢/١٢٣-٢٣٩).

بەرگی سێیەم: لە (تاقی کراوەکانی کورد، کورد ئەڵێ، شەکراوی دەماخ، گەنجی دەرخشان، ڕشتەی مرواری) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٣/٢٤١-٣٥٤).

بەرگی چوارەم: لە (تاڤگەی ئێڵاخ، قسەی نەستەق، پەندی پیران، شەکراوی دەماخ، تاقی کراوەکانی کورد) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤/٣٥٥-٤٦٨).

بەرگی پێنجەم: لە (گەنجی دەرخشان، ڕشتەی مرواری، ڕووداوەکانی ڕابوردوو، پەندی پیران، وەڵامی بێ وەڵام، هەندێك لە داستانی ژن، تاڤگەی ئێڵاخ، تاقی کراوەکانی کورد) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥/٤٩٦-٥٨١).

بەرگی شەشەم: لە (تاڤگەی ئێڵاخ، لە باخێ گوڵێك، شەکراوی دەماخ، قسەی نەستەق، ڕووداوەکانی ڕابوردوو، وەڵامی بێ وەڵام، گەنجی دەرخشان) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤/٥٨٣-٦٨٢).

بەرگی حەوتەم: لە پێکهاتووە: (شەکراوی دەماخ، ڕشتەی مرواری، پیری و جوانی، گەنجی دەرخشان، ڕووداوەکانی ڕابوردوو، بۆ مێژوو، تاڤگەی ئێڵاخ) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٨٣-٧٧٨).

بەرگی هەشتەم: لە (گەنجی دەرخشان، لەباخێ گوڵێك، تاڤگەی ئێڵاخ، فەرهەنگی مەتەڵ، داستان) پێکهاتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٨/٧٧٩-٨٧٢).

بە گوەزرکردن بۆ هەر یەك لەو بەرگ و ناونیشانانە، دەگەینە ئەوەی، کە (تاقی کراوەکانی کورد، کورد ئەڵێ، ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەندێ لە قارەمانییەتی ژن) تەواو مێژووین، بەڵام ئەوانی تر لە مێژوو دوور نین و تا ئاستێکی باش پەیوەندییەکی بەهێزیان بە مێژووی کورد و لایەنێکی ژیانی کوردەوە هەبووە و هەیە. بە ڕادەیەك پەنا بۆ گێڕانەوەی هەندێك ڕووداو و بەسەرهات براوە، یەك نووسەر و توێژەر و مێژوونووس و تەنانەت خۆرهەڵاتناسێکیش پەیان پێ نەبردووە. دیارە ئەمە نەك تەنیا بۆ پێش خۆی، بەڵکو بۆ دوای خۆی و تاساتی ئەم نووسینی ئەم توێژینەوەیەش هەر وابووە. هەربۆیە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی مێژووی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەی کورد و کوردستان سەیر بکرێت.

کۆی هەموو ئەو تۆمارانەشی لەم بەرهەمەدا جێکراوەتەوە، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەن، کە بینیوونی یان بیستوونی یان بۆ بەرهەمەکەی

نێردراوە. دیارە ئەگەر هەرکەس وتوێژەر یان مێژوونووسێکی کورد بیەوێت، بۆ مێژووی نوێ وهاوچەرخی کورد بگەرێتەوەو نەگەڕێتەوە بۆ کۆی بەش و بەرگەکانی، کارەکەی ناتەواو بە ئەنجام دەگات. واتە هەندێك لە زانیارییەکان لە سەرچاوەکانی تری مێژوودا دەدۆزینەوە، بەڵام هەندێکیان بەرچاو ناکەون، لەم بەرهەمەدا نەبێت. ئەمەو نووسەرهەوڵیداوە مێژووی کۆمەڵگای کوردی و دەروروبەری لەنێو ئەو تەنزانەدا بگێرێتەوە، کە باشتر و خۆشتر بگاتە خوێنەرانی و نەوەکانی ئایندەی. وەك خۆیشی نووسیوویەتی "ئەو شتانەی، کە لەناو کوردا هەبوون و بڵاوبونەتەوە، من کۆم کردونەتەوە و خستومەتەڕوو"(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٨٥/٧). مەبەستی لە بڵاوبونەوە بە واتای بڵاوکردنەوەی ئەو ڕووداوانە نا لە بەرهەم و سەرچاوەیەکی پێشوودا یان هاوسەردەمیدا تۆمارکراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵکو بڵاوبونەوەی لەنێو خەڵکیدا لەسەر زار، نەك نووسراو. هەربۆیە دەکرێت (ڕشتەی مرواری) بەیەکێك لە هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی سەر زار، دابنێن، کە لای عەرەبەکان بە (تاريخ الشفاهى) هاتووە. دیارە نووسینیش لەسەر هەندێك بەسەرهات و ڕووداوی هەستیار و جیاواز، کە لای کۆمەڵگای کوردی باسکردنی عەیب و جوان نەبووە. بەتایبەت بۆ کەسایەتییەکی وەك (عەلائەددین سەجادی)، کە مامۆستایەکی ئایینی و پێشنوێژ و ووتاربێژ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سنوورەی باش بەزاندووە و بوێرانە باسیکردووە. لەم بارەوە نووسیوویەتی "بچۆ کتێبی بێگانەکان بخوێننەوە بزانە چی یان کردووە و چییان نووسیووە؟ هەر ئەو نووسینەی ئەوان بووە بۆ ئەو شتانەی، کە مێژوویەکی گەورە بۆ دروست کردوون"(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٨٥/٧). کەواتە ئەویش هەوڵیداوە، لەم بوارەدا کورد دوانەکەوێت و بگاتە ئەوان. هەربۆیە هەوڵەکانی (سەجادی) لە بواری نووسینەوەی مێژووی کورد، جێگای قەدرزانییە. دیارە ئەوەش بەومانایە نییە، کە بەرهەمە مێژوویەکانی و بەتایبەت (ڕشتەی مرواری) بێ کەموکوڕی بن، وەك ئەوەی لە هەندێك شوێن ناوی کەسایەتییەکان و لەهەندێك شوێنیتر، ساڵ و تەنانەت شوێنی ڕووداو و زانیارییە وەرگیراوەکە، پەراوێزخراوەو باس نەکراوە، بەڵام بەهەموو ئەوانەشەوە هەوڵەکانی لە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕووداوی مێژوویی، کەم بایەخ نین و جێگای خۆیان لەنووسینەوەی مێژووی کوردا گرتووە.

**تەوەری دووەم**

**مێژووی سیاسی کوردستان لە تۆمارەکانی (ڕشتەی مرواری)دا**

تۆماری مێژووی سیاسی کورد، لایەنێکی گرنگی ئەم بەرهەمەیە، کە هەندێکیان لە سەرچاوەکانی تردا بەردەست نین. هۆیەکەی ئەوەبووە، بەشێکی ئەو تۆمارانە لە بیرەوەری کەسانێکەوە وەرگیراوەو دواتر خراوەتە ڕشتەوە. هەربۆیە کۆی تۆمارەکانی ڕیشەیەکی مێژووییان هەیە، ئەگەر بەشێکیشیان واقیعیەتیان نەبووبێت. کاتێکیش لەڕووی ڕیزبەندی مێژووییەوە بۆ ئەم بەرهەمە دەڕوانین، تۆمارێکی مێژوویی دەوڵەتی ماد سەرنجمان ڕادەکێشێت. ئەویش گێڕانەوەی خەونی پادشایەکی مادە، کە منداڵی نەبووە ودواتر بەهۆی خەوەکەیەوە لەلایەن ئەستێرناسانەوە پێی وتراوە، کە منداڵێکی ئەبێت، بەڵام بەهۆی پێوەدانی مارەوە دەمرێت(سەجادی، ١٣٨٨: ٢٨٥/٢-٢٨٦). ئەو ڕووداوە، کە لە داستان ئەچێت، تا ڕووداوێکی مێژوویی و ناوی پادشاکەشی نەهێناوە، پێدەچێت لە ڕووداوی (ئەستیاگز/٥٨٥-٥٥٠پ.ز)ی دوایەمین پادشای مادەکان وەرگیرابێت، چونکە لەنێو ڕووداوەکانی (دەوڵەتی ماد)، ڕووداوێکی وەهامان نییە باس لەخەونی پادشایەك بکات، کە بەهۆی خەونێکەوە منداڵی بووبێت(هیرودوت، ١٣٨٧هـ.ش، موسیس خوریناتسی، ١٩٨٧: صص٥٧٧-٥٧٨، دیاکۆنۆف، ٢٠٠٥: لل٤٩٣-٥٠٢، پی گریمال یر، ١٣٦٩هـ.ش: صص١٥١-١٧٢، ئەحمەد مەحمود ئەلخەلیل، ٢٠١١: لل٣٧-١٠٤، د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، ٢٠١٦: لل٣١-٥٨). دیارە ئەو تۆمارەش لەگەڵ مێژووی دەوڵەتەکەدا جیاوازە، بەوەی لە تۆمارەکەی ڕشتەدا پادشاکە کوڕی بووە(سەجادی١٣٨٨: ٢٨٥/٢)، بەڵام لە تۆماری مێژووی دەوڵەتی ماد کچی بووە(یر: صص١٥٢-١٥٣، دیاکۆنۆف: ل٤٩٨-٥٠٢، ئەلخەلیل: لل١٠٢-١٠٣).

لەئاماژەیەکی تردا ڕووداوێکی سەردەمی (کەریمخانی زەند/١٧٥٢-١٧٧٩م)ی بەنمونە هێناوەتەوە، بەوەی بە (وەکیل ئەلرعایا) ناسراوە(جان. ری پری، ١٣٦٥هـ.ش، سیرجون مالقوم، ٢٠١٩: لل٢٢-٣٠)، بۆیە پێوێست بووە گوێ لە هاوڵاتیانیشی بگرێت و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات. وەك ئەوەی هاوڵاتییەك داوای لێکردووە، تافی لاویەتی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو داوایە لەسەر توانایيەوە بووە، بۆی جێبەجێ نەکراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٢٣/٢). مەبەستیش لەو ڕووداوە ئەوەبوو، کە هەرچەندە میری زەند، خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکەکەی زانیووە، بەڵام بەو مانایە نەبووە بتوانێت هەموو داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات، چونکە دەسەڵاتەکانی ئەویش سنووردار بووە.

باسێکی تری ڕووداوێکی سەردەمی (میر موحەممەد/١٨١٦-١٩٣٦ز)ی میری سۆران بووە، کاتێك فرمانی بەتێکڕای دانیشتوانی شاری (ڕەواندوز)ی پایتەخت کردووە، تا بەشەو چرا دانەگرسێنن و ئاگر نەسوتێنن(سەجادی، ١٣٨٨: ٧/١-٨). پێدەچێت ئەو بڕیارەش کەوتبێتە کاتی شاڵاوی سوپای عوسمانییەکان بۆ سەر میرنشینەکەی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی، بۆیە کاتێك ئەو سوپایە لەشارەکە نزیکبۆتەوەو گەمارۆیان داوە، (میر موحەممەد) ئەو فرمانەی دەرکردووە(د. سعدی عثمان هروتي، ٢٠٠٨، صص٢٠٢-٢٠٥)، چونکە ئاسایی ئەو فرمانە بۆ کاتێك نەبووە، شار و میرنشینەکەی لە بارێکی ئاساییدا بووبێت.

لە باسی (عەبدوڵلا پاشای بابان/١٨٥٠-١٨٥١ز)دا ئاماژەی بە فرمانێکی کراوە بۆ وەزیرەکەی، تا هیچ کەسێك بە شەودا هاتوچۆ نەکات(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٣٥/٣-٣٣٦). لە شرۆڤەی ئەو دەقەشدا دەگەینە ئەوەی، کە (عەبدوڵلا پاشا) برای (ئەحمەد پاشای بابان)، دوایەمین میری بابانەکان بووە، کە لەلایەن (نەجیب پاشا) والی بەغدادی عوسمانی لە میرایەتی خراو وەك قایمقامی شاری (سلێمانی) دانرا(محمد امين زكى بك، ٢٠٠٢: ص١٧٧، بابان، ٢٠١٢: ١٨٥/١، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٨: ل٢١٠). لەو پۆستەشدا نەدەبوو وەزیری هەبێت. بۆیە ئەوەی باسکراوە، تەنیا بەرپرسی نوسینگەکەی، یان بەواتا نوێیەکەی سکرتێرەکەی بووە، نەك وەزیر. ئەو داوایەشی بۆ ئەوە بووە، چونکە لە دۆخی ئاسایشی شارەکەی دڵنیا نەبووە، تا قسە و گازندەی سەرانی عوسمانی نەیتەسەر.

لەلایەکی دیکەوە هەندێك زانیاری لەسەر میر و پادشاکانی جاف تۆمار کردووە. لەوانە (حەمەپاشای کوڕی کەیخەسرەو بەگی جاف/١٨١٨-

١٨٨٠ز)، كە لە تەمەنی (٤٠) ساڵی و لەلایەن باوكییەوە وەك گەورەی هۆزی جاف دیاریكراوە(ستیفن همسلی لونكریك، ١٩٨١: ص٥٤٠، كەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥: لل٤٦-٤٨١). لەو ئاماژەیەشدا باس لەوە كراوە، كە بەهۆی ئەوەی (حەمەپاشا) هەندێك پێداویستی خۆی و بنەماڵەكەی لە جوویەك بەناوی (حاتان) كڕیووە و لەبەرامبەردا پسوولەیەكی داوەتێ، تا دواتر پارەكەی پێبدات، بەڵام بەهۆی كۆبوونەوەی قەرزەكان و كەڵەكەبوونی پارەی پێداویستییەكان، (حاتان) سكاڵای لە (حەمەپاشا) كردووە. دوای ئەوەشی (حەمەپاشا) هەواڵەكەی پێگەیشتووە پارەكەی پێداوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢/١٩٣-١٩٤). دیارە ئەوەش بەومانایە نەبووە، كە ناوبراو دەستكورت و بێدەسەڵات بێت، بەڵكو رووداوێكە گەورە كراوە، چونكە ناوبراو كەسایەتییەكی بوێر و ئازاو خاوەنی دیوەخان و ماڵاتی زۆر و هەزاران دۆنم زەوی بووەو ئەوەندە بێدەسەڵات نەبووە، تا پارەی جوویەك نەدات(لونكریك: ص٤٥٠)، بەڵكو پێدەچێت ویستبێتی بە كۆ پارەكەی پێبدات یان چاوەڕوانی فرۆشتنی بەرهەمی زەوییەكانی بووبێت، هەربۆیە پسولەی پێداوە.

لە زانیارییەكی تردا باسی (مەحمود پاشای كوڕی حەمە پاشای جاف/١٨٤٦-١٩٢١ز) كردووە، كە دوای باوكی بۆتە سەرۆك هۆزی جاف(محمد امین زكی، ١٩٣٤: ١٨١/٢، شاكر خصباك، ١٩٧٢: ص١٦٦). لەو باسەدا ئاماژەی بەهەڵاتنی ناوبراو داوە لەدەست عوسمانییەكان، تا دواجار بەڕێگای وڵاتی رووسیادا گەڕاوەتەوە كوردستان. نووسەر باسی لەو پێشوازییە گەورەیەش كردووە، كە هۆز و تیرەكانی جاف لێیان كردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢/١٦٣-١٦٤). كاتێكیش بۆ تۆمارە مێژووییەكان دەگەڕێنەوە، دەگەینە ئەوەی، كە هەڵاتنی ناوبراو لەشاری (ئەستانبۆڵ) دوای ئەوە هاتووە، كە لەسەر داوای (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم/١٨٧٦-١٩٠٩ز) وەك زۆرێك لە سەرۆك هۆزو كەسایەتییە كوردییەكان میوانداری پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی كراوە، تا پشتیوانی لە دروستكردنی سوارەی حەمیدی بكەن(د. كمال مظهر احمد، ١٩٨٤: صص٨٤-٩٦، ماجد محمد خلیل زاخویی، ٢٠٠١: صص٦٧-٩٩)، بەڵام بەهۆی ڕەتكردنەوەی ناوبراو بۆ بەشداری لەو سوپایە بەنهێنی و بە یاوەری (حەمدی سنەیی) لەساڵی (١٨٩١ز) لەو شارە هەڵاتووەو ساڵی دواتر لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە گەیشتۆتە شاری (باكۆ)و لەوێشەوە بەڕێگای خۆرهەڵاتی كوردستاندا هاتۆتە باشووری كوردستان(جاف: لل٦١-٧٢). هەڵاتنی، ئەویش بۆ بوێری و زیرەكی ناوبراو بەئاگابوونی لەئاست رووداوە سیاسییەكان گەڕاوەتەوە(محمد امین زكی، ٢٠٠٦: ٢/١٨٤). بەهۆی ئەو هەڵوێستەشەوە هۆزی جاف بەشداریان لە دروستكردنی سوارەی حەمیدی نەكردووەو ڕۆڵیان لە كۆمەڵكوژی ئەرمەنییەكان نەبووە(كمال مظهر احمد: ص٩٣). لەپاڵ ئەوەشدا باسی لە ڕۆڵی هەردوو كەسایەتی جاف (مەحمود پاشای جاف)و (وەسمان پاشای جاف/١٨٤٦-١٩٠٥) كردووە، كە ڕۆڵیان لە سەرۆكایەتی و بەڕێوبردنی هۆزی جافدا هەبوو(سەجادی، ١٣٨٨: ٢/١٩٤-١٩٥).

لەلایەكی دیكەوە باسی لە پەیوەندی نێوان (مەحمود پاشای جاف)و (سەید فەتاح بەگی جەباری) كردووە لەناوچەی گەرمیان، بەوەی هەر كاتێك (مەحمود پاشا) لە كوێستان گەڕابێتەوە، لای (سەید فەتاح بەگ) لایداوە و ماوەیەك لای ماوەتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥/٥٤٥-٥٤٦).

هەروەها لەگەڵ (شێخ عەلی حسیامەددینی نەقشبەندی/١٨٦٢-١٩٤٠ز)یش دۆستایەتی هەبووەو چەند جارێك سەردانی گوندی (باخە كۆن)ی هەورامانی كردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١/١٦). هەروەها باسی پەیوەندی میرەكانی جافی لەگەڵ شاعیر و ئەدیب و كەسایەتییە ئایینییەكان كردووە، وەك پەیوەندی (وەسمان پاشای جاف) لەگەڵ (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)(سەجادی، ١٣٨٨: ٨/٨٠٣-٨٠٤). هەموو ئەو ئاماژانەش لەسەر هۆزی جاف و چەندین ئاماژەی تر لە چەند شوێنێكی تری بەرهەمەكەدا بایەخ و گرنگی هۆزی جاف بووە لای نووسەر(سەجادی، ١٣٨٨: ١/٥٨، ٦٤-٦٥، ٢/١٣٨، ٥/٥٦٩-٥٧٠، ٦/٦٤٦، ٧/٧٧٧، ٨/٨٠٣-٨٠٤).

لە شوێنێكی تر ئاماژەی بە (وەستا بەشیر/١٨٨٥-١٩٦٣ز) كردووە وەك (نووسەر و قسەخۆش و بەرگدوور)و هەروەها ئەفسەر لە ریزەكانی سوپای عوسمانی(بابان، أعلام، صص١٦٤-١٦٦)، كە (١١٤) سەربازی لەژێر دەستدا بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٣/٣٥١). ئاماژەی بەوەشداوە، كە كەسێك بەناوی (حەمە كوێخا خدر) هەر لەو سەردەمەدا سەرباز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پارەی لە خەڵك سەندووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤/٣٦٤)، بەڵام سەربازی (وەستا بەشیر) نەبووە. ئەوەش بەو مانایەی لە سەردەمی عوسمانییەكاندا كورد بەسەربازی گیراوەو سەربازی كردووەو بەپلەی ئەفسەریش گەیشتووە. لەو بارەوەش نمونەمان زۆر بووە، وەك (شەریف پاشای خەندان/١٨٦٥-١٩٥١ز)(د.فەرهاد پیرباڵ، ٢٠٠١: لل١٥-٣١، روهات الاكوم، ٢٠٠٤: صص١٧-٢٠، بابان، ٢٠٠٦: صص٣٦٨-٣٧٠)و (مستەفا پاشای یاموڵكی/١٨٦٦-١٩٣٦ز)(بابان، ٢٠٠٦: ٨٠٧-٨٠٩)، كە هەردووكیان سەرباری ئەوەی گەیشتنە پلەی سەربازی، چەندین پۆستی سیاسی و كارگێڕی و سەربازییان لە دەوڵەتی عوسمانی پێسپێردرا.

لە وێناكردنی دەسەڵاتی ئینگلیزەكانیش لە باشووری كوردستان، چەند زانیارییەكی بۆ تۆمار كردووین، لەوانە، لەخۆبایی (مێجەرسۆن/١٨٨١-١٩٢٣ز) بۆ خەڵكی شاری (سلێمانی) لەو كاتەی حاكمی سیاسی شارەكە بووە لەنێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢١ز)(مەیجەرسۆن، ٢٠٠٧). ئەوەش كەوتۆتە دوای رووخاندنی یەكەمین حكومەتی شێخ مەحمود لەدوای شەڕی (دەربەندی بازیان) لە (١٧ی مایسی١٩١٩ز)(د.عزیز الحاج، ١٩٨٥: ص٣١٢، سدیق ساڵح، ٢٠٠٦: لل٥٦-٥٨). نووسەر وویستویەتی لەخۆبایی ئەو ئەفسەرە باڵایەی ئینگلیزەكان و سوكایەتی بە خەڵكی شاری سلێمانی، بخاتەڕوو، بەوەی فرمانی كردووە هەر كاتێك دەچێتە ناو بازاڕ و ناو خەڵكی، دەبێت سڵاوی لێبكەن و بۆی بچەمێنەوە، ئەوەشی وا نەكات سزا ئەدرێت(سەجادی، ١٣٨٨: ٧/٧٥٧-٧٥٨)، بەڵام كاتێك بە كارەكانی ئەم كەسایەتییە سیاسییەی ئینگلیزەكاندا دەچینەوە، دەگەینە ئەوەی، كە سەرباری ئەو لەخۆبایی بوونەی، كاری باشی بۆ شار و لیوای سلێمانی كردووە، وەك چەندین پرۆژەی ڕێگاوبان و كردنەوەی قوتابخانەی نمونەیی سەعادەت و پێدانی قەرز بە جوتیاران، تا بە هێنانی چاپخانە دەگات بۆ شارەكە و دەركردنی (١١٨) ژمارەی ڕۆژنامەی پێشكەوتن بە زمانی كوردی(بابان، ٢٠١٢: ٢/٢٢١-٢٢٨). هەروەها هێنانی ئۆتۆمبێل و كردنەوەی خولی فێربووین شۆفێری، تا هاوڵاتیانی شار و دەوروبەری فێری شۆفێری بین و بەئامێرە نوێیەی گواستنەوە ئاشنابین و بەكاری بهێنن(ڕۆژنامەی پێشكەوتن، (١٩٢٠/٤/٢٩: ل٢). هەربۆیە سەرباری ئەوەی

سەردەمەکەی بۆخەڵکی شارو لیواکە داگیرکاری بووە، بەڵام خزمەتەکانی لەبواری ئاوەدانکردنەوەو بەشارکردنی سلێمانی بەرچاوە.

لە شوێنێکی تردا ئاماژەی بە ڕووتکردنەوەی (دوو) سەربازی ئینگلیزی داوە هەر لە شاری (هەڵەبجە) لەلایەن (دوو) شوانی کوردی ناوچەکەوە، بێ ناوهێنانی ناویان و ناوی ئەفسەرەکان و کاتی ڕووداوەکە(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٢٧/٣). پێدەچێت ئەو کارەش (دوو) ڕەهەندی بووبێت، یەکەمیان ڕقی شوانەکان لە ئینگلیزەکان بەوەی داگیرکەری خاکەکەیانن و لە ئایینی خۆیان نین. دووەم بۆ تەماع لە چەك و ئەوەی پێیان بووە.

لەنێو تۆمارەکانی مێژووی (شێخ مەحمود/١٨٨٩-١٩٥٦ز)یشدا چەندین زانیاری مێژوویمان بەرچاو دەکەوێت، کە هەندێکیان بایەخی مێژوویی گەورەیان هەیە، چونکە واقعی کۆمەڵگای کوردی ئەو کاتەمان بۆ دەخەنەڕوو. وەك گەڕانەوەی چەکدارێکی کورد لە هێزەکەی (شێخ) لە شەڕی (شەعەیبە)، بۆ شاری (بەغداد). کاتێکیش ئەو چەکدارە کوردە هاتۆتە (بەغداد)و بۆ یەکەمین جار بووە ئەو شارە ببینێت، وتوویەتی: دەك خوا بتگرێ سوڵتانی عوسمانی تۆ بەغداد هەیە بەسرەت بۆ چییە؟(سەجادی، ١٣٨٨: ٢١٨/٢)؟ بەو ووتەیەشدا دەردەکەوێت، کە بەشداری کورد لەو شەڕە لەسەر داوای دەوڵەتی عوسمانی بووە. ئەمەو دیدگای هاوڵاتییەکی چەکداری کوردمان بۆ دەخاتەڕوو، بەوەی جیاوازی گەورەیی و پێگەی هەردوو شاری (بەغداد و بەسرە)ی لەو کاتەدا هەست پێکردووە. لە ڕوویی مێژوویشەوە خودی (شێخ مەحمود) لەسەر داوای ئەو دەوڵەتە بە (هەزار) چەکداری چەند هۆزێکی کوردەوە لە شاری (سلێمانی)یەوە بەسواری بەشداری ئەو شەڕەی لە (شەعەیبە)ی باشووری بەسرە کرد(ئەحمەد خواجە، ١٩٨٦: ل٨٤.). و لەو شەڕەشدا، کە لە (١٤ی نیسانی١٩١٥ز) ڕوویدا(الزعیم الرکن شکری محمود ندیم، ١٩٦٤: ص٣٠). هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە بەشداری (شێخ مەحمود)و هێزەکەی و هێزی خێڵ و هۆز و تیرەکانی عەرەب و تورکمان بەسەختی تێکشان و لەلایەن سوپای ئینگلیزەکانەوە پاشەکشەیان پێکرا(عەبدوڵڵا زیوەر، ١٩٨٥: ل١٣١، الحاج: ص٣١). هەر لەو چواچێوەیەدا نووسەر ئاماژەی بە کۆبوونەوەی هەریەك لە (حەمە ئاغای مامەش، هەمزە ئاغای مەنگوڕ، حەمە ئەمین ئاغای بڵباس) کردووە، تا بڕیار لەسەر پشتیوانی دەوڵەتی عوسمانی بدەن لەوشەڕدا(سەجادی، ١٣٨٨: ١٠/١-١١). دیارە ئەوان وەك (سێ) سەرۆك هۆزی کوردی (مامەش، مەنگوڕ، بڵباس)، کەوتونەتە ژێر کاریگەری (غەزا لەپێناوی خودا)ی (سوڵتان موحەممەد شەشەمی عوسمانی) بۆ شەڕی ئینگلیزەکان بەوەی لە پەیڕەوانی مەسیحی بوون و بە (کافر) واتە (بێباوەڕ) ناسێنراون(د. کمال مظهر احمد: صص١٤٥-١٤٦، عبدالرزاق الحسنی، ١٩٤٨: ٨٤/١-٨٥).

لەسەردەمی حکومەتی دووەمی (شێخ مەحمود)دا، کە کەوتە نێوان (١٠ی تشرینی یەکەمی١٩٢٢بۆ ئازاری١٩٢٣ز)(سدیق ساڵح: لل١٠٦-١٠٧، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، ٢٠٠٢: لل١٥٠-١٧٧)، (شێخ حەمەغەریب) بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ دانراوە، کە ئەو کات پێیان دەوت (رئیسی داخلیە). لەسەر ئەم کەسایەتییە ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش لەم بەرهەمەدا تۆمار کراوە، گوایە (شێخ حەمەغەریب) بەر لەوەی بکرێتە وەزیری ناوخۆ، بەڕێوبەری ناحیەی قەرەداغ بووە، بۆیە کاتێك بۆ ئەو پۆستە بەرزکراوەتە، داوای لە (شێخ مەحمود) کردووە، بەو مەرجە پۆستەکە وەردەگرێت، کە لە پۆستەکەی پێشووی بمێنێتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٩/٦). ئەوە قسەیە ڕاست بووبێت یان نا، بەناوی (شێخ حەمەغەریب)ەوە ڕۆیشتووە، لەکاتێکدا وەزیری ناوخۆ بەرپرسی هەموو کاروباری ناوخۆ بووە و نزمترین پۆستی کارگێڕی ئەو وەزارەتەش (بەڕێوبەری ناحیە) بووە. ئەگەر ئەوەش وابێت، بەو مانایەیە، کە (شێخ حەمە غەریب) وەك یەکێك لە وەزیرەکانی حکومەتەکە، نەیزانیووە، پۆستەکانی حکومەت لەیەك جیابکاتەوە. ئەوەش نیشانەی پرسیار دەخاتەسەر حکومەتی کوردستانی باشوور لەو کاتەدا. لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بەوە کردووە، کە خودی (شێخ مەحمود) ویستویەتی (مستەفا پاشای یامۆڵکی) دەستگیر بکات(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٤٣/٨)، لەکاتێکدا وەزیری مەعارف (پەروەردە)ی حکومەتەکەی بووە (بانگی کوردستان، ١٩٢٢/١٠/١٥: ل١). ئەو (دوو) ڕووداوەی سەردەمی حکومداری (شێخ مەحمود)یش لە سلێمانی و دەوروبەری، وەك (دوو) زانیاری مێژوویی تۆمارکراون. هەروەها ئاماژەی بەوەداوە، کە (مستەفا پاشای یامۆڵکی) بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی (مەجیدیە)ی لە شاری (بەغداد) کەوتبوو(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٧/٧).

لە شوێنێکی تریش ناوی ئەفسەرێکی کورد بەناوی (عیزەت تۆپچی) هێناوە، کە یەکێك بووە لە ئەفسەرانی سووپای لەشکری کوردستان لەسەردەمی خولی دووەمی حکومەتی (شێخ مەحمودی نەمر)دا(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٢/٧). لەباسی چوونی (شێخ مەحمود)یش بۆ (ئەشکەوتی جاسەنە)(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٧٥/٤)، کە کەوتۆتە دوای ڕووخاندنی خولی دووەمی دووەمی دەسەڵاتەکەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئاماژە بەبوونی تیرەی ڕوغزایی لە هۆزی جاف کردووە لە دەوری و بەجێیان نەهێشتووە. لەکاتێکدا بۆردومانی ئینگلیزەکان بەردەوام بوون لەسەریان(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧٧/٧). لەو نێوەندەشدا ئاماژەی بە شەڕەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان کردووە، بێئەوەی ئاماژە بەناوی شەڕەکان و کاتەکانی بکات(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٣/٧). ئەوەش کەلێنێکی کردۆتە نێو بەرهەمەکەی.

لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بە هەوڵێکی (شێخ مەحمود) داوە بە ناردنی نامە بۆ سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکانی کورد، تا هەر کەس لە شوێن خۆیەوە بەرامبەر ڕژێمی پادشایەتی بووەستێت. لەو نێوەندەدا (جەمال عارف)، کە یەکێك بووە لەوانەی ئەرکی گەیاندنی نامەکانی (شێخ) بۆ ناوچەی بادینان پێسپێردراوە. ناوبراویش بۆ ئەو مەبەستە چۆتە شاری (ئامێدی)، کە (ماجید مستەفا/١٨٦٩-١٩٧٤ز) قایمقامی بووە. لەو هەوڵەشیدا داواکەی (شێخ)ی زۆر بە نهێنی جێبەجێ کردووە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك (ماجید مستەفا) بە (جەمال عارف)ی وتووە: ئەوەی تۆ بۆی هاتووی، بۆتە هۆی لێپرسینەوەی من. هەموو ئەو نامانەی تۆ گەیاندۆتە کۆی سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکانی سنوورەکە، هێنراوە بۆ من یان نێردراوە بۆ موتەسەریفی موسڵ. موتەسەریفیش داوای کردم سەردانی بکەم، تا لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکات(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٦٥/٧). ئەمەش بەو واتایەی، ئەو سەرۆك خێڵ و هۆزانە لە ترسی گیانی خۆیان و خێڵ و هۆزەکەیان لە دەوڵەت، یان بەوەی نەوەك خودی ئەم نامەیە پیلانێکی دەوڵەت بزانن، بۆیە ناچار بوون بەر لەوەی دەوڵەت لێپرسینەوەیان

لەگەڵ بکات، خۆیان پەیامەکەیان بگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار. ئەمەو پێدەچێت بەشێك لەوانیش لەگەڵ حکومەت بووبن. زۆریش پێدەچێت مانەوەی (جەمال عارف)و سەردانی بەردەوامی بۆ لای (ماجید مستەفا) هۆکارێکی تر بووبێت، کە ئەو سەرۆك خێڵ و هۆزانەی ناوچەی بادینان، کارەکە بە پیلانێکی دەوڵەت بزانن؟

لە باسێکی تری هەر لەسەر (شیخ مەحمود) باسی لەوە کردووە، کە ئەو کاتانەی لە شاری (سلێمانی) دەمایەوە، وەك حکومدار یان مەلیکی کوردستان، یان وەك ڕابەڕی تەریقەتی قادری، نوێژی لە مزگەوتی گەورە دەکرد و شەوانی هەینی ڕێگای ئەدا دەروێشەکان زیکری خۆیان بکەن و ئەویش لەگەڵیان بوو(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٣/٧). لەباسی مانەوەشی لەشاری (بەغداد)، بەتایبەت ئەو ساڵانەی وەك دەستبەسەر ماوەتەوەو کەوتۆتە نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٥٦ز)، هەموو توێژە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی وئایینی وئایینزاکان، سەردانیان کردووە (سەجادی، ١٣٨٨: ٦٤١/٦). لەباسی دوا ڕۆژکانی (شێخ مەحمود)یش لەو شارە، ئاماژەی بە عەسرە سەردانێکی کردووە بۆمزگەوتی (نائیلە خاتون)، ئەو مزگەوتەی (عەلائەددین سەجادی) پێشنوێژو وتاربێژی بووە تێدا. ئەوە سەردانەش کەوتۆتە بەرواری (١٠ی ئابی١٩٥٦ز) (سەجادی، ١٣٨٨: ٧٣٨/٧). وەك نووسەر نووسیویەتی: جەستەی تێکشکاو لاواز و پیر بووە. لەوێ چەندان کەس بۆ پێشوازی و گوێگرتن لە (شێخ مەحمود) ئامادەبوون و (شێخ)یش باسی لەوە بۆ کردوون، کە ئەگەر ئەو نەفسەرانەی لەگەڵی بوون، پشتیان تێ نەکردایە و خیانەتیان لێ نەکرایە، دۆخی بە ئێستا نەدەگەیشت(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٥١/٧). لە زاری نەوەیەکی (شێخ مەحمود)یشەوە ئاماژە بەوە کراوە، کە باوکی کۆچکردووی بەردەوام باسی ئەوەی دەکرد، کە (شێخ مەحموود) هەمیشە جەختی لەوە ئەکردەوە، کە هۆکاری پەرتەوازییەی کورد، خۆخۆری و نەخوێنەواری و نەزانی و جەهل و تێنەگەیشتنە، هەر ئەوانەش هۆکاری خیانەت و نەگەیشتنی کورد بووە بە سەربەخۆیی(شنۆ شێخ لەتیفی حەفید، ٢٠٢٢).

لە باسی مێژووی شاری (سنە)ی خۆرهەڵاتی کوردستانیشدا ئاماژەی بە فرمانێکی (سەرهەنگ ئەحمەدخان) حاکمی سنە کردووە لەساڵی (١٩٢٣ز)، کاتێك (سەید عەبدولعەزیز شێخوئیسلامی سنە)ی بۆ شاری (هەمەدان) دوورخستۆتەوە، بەڵام دواتر لەژێر فشاری ناوخۆ ناچار بووە بیگێڕێتەوە. ئەوەش بەهۆی گەورەیی کەسایەتییە ئایینییەکەی و خۆشەویستی لای خەڵك(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٠٤/٨).

لەئاماژەیەکی ترو لەباسی هۆزی جافدا، تیشکی خستۆتەسەر کەسایەتییەکی ئەو هۆزە بەناوی (سلێمان خانی حەمەجانی ڕوغزایی)، کە ڕۆڵی لەڕووداوە سیاسییەکانی باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستاندا هەبووەو لە بنەڕەتدا لە بەگزادەکانی جاف نەبووە، بەڵکو لە کوێخاکانی جاف بووە، بەڵام بەهۆی لێهاتوویی و بوونی دەماری پیاوەتی تێدا، وەك (خان) ناسراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٥٤/٧)و کەسایەتییەکی بە زەبر و زەنگ و بوێر بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٤٠/٤-٤٦١). ساڵی (١٩٢٨ز)یش چۆتە کوێستانەکانی بانە و لەوێ هەوارێکی دوانزە ستونی هەڵداوەو بە کاری ئاژەڵداری کاری خۆی و بنەماڵەکەی ڕایی کردووە. باسی لەوەش کردووە، ئەو ڕۆژەی (مەتحەت) برای خێزانەکەی لە گەرمیان کوژرا، هەموو جافەکانی ئەوسنووره لەدەوری (سلێمان خان) کۆبوونەتەوە، تا تۆڵەی بکەنەوە. باسیشی لەوە کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٥٤/٧). گەورەی (سلێمان خان)یش لە دیدی نووسەرەوە لەوەدا بوو، کە کاتێك لەگەڵ سەدان سەرۆك هۆزی کورد میوانداری (ڕەزا شا) کراوە بۆ شاری (تاران)، ئامادەنەبووە بۆ خەڵاتە بچێمتەوە، کە شای ئێران وویستوویەتی بیداتە ناوبراون. ئەوە گەورەیی ئەو بوو[1].

ئەو (سلێمان خان)ی نووسەر باسی کردووە، ڕۆڵی هەبووە لە ڕزگارکردنی گیانی سەرکردەیەکی خۆرهەڵاتی کوردستان بەناوی (حەمەڕەشیدخان بانە/١٨٨٩-١٩٧٤ز)، لەکاتی جوڵانەوەکەی لەو بەشەی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٤ز). ئەوەش کاتێك ناوبراو لەساڵی (١٩٤٢ز)و لەگوندی (زاخە)ی نزیك شاری (دیواندەرە)ی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە ئامادەکاری بۆ هێرشێکی گەورە کردووە بۆ سەر شاری (سنە)، لەلایەن (عەلی خانی حەبیبی) سەرۆك (هۆزی تیلەکۆ) ژەهرخوارد کراوە. لەبەرامبەردا (سلێمان خان)، کە یەکێك بووە لە فەرماندەکانی هێزەکەی (حەمەڕەشیدخان) توانیوویەتی لەمردن ڕزگاری بکات. ئەو کارەی (سلێمان خان)یش هۆکار بووە، کە (حەمەڕەشیدخان)، تا کۆتایی ساڵی (١٩٤٤ز) درێژە بە جوڵانەوەکەی بدات و لە دژی دەوڵەتی پەهلەوی ئێران بووەستێت(محمد رووف توکلی، ١٣٦٣هـ.ش، صص٢١٢-٢١٣، کەیوان ئازاد ئەنوەر، ٢٠١٤: ل٩٣).

تەوەری سێیەم

دۆخی ئایینی کوردستان لە تۆمارەکانی (ڕشتەی مرواری)دا

باوەڕ و ئایینی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا، بوارێکی تری نێو تۆمارە مێژووییەکانی ئەم بەرهەمەیە و دوای لایەنی سیاسی زۆرترین زانیاری لەخۆگرتووە. لە (دوو) ئاماژەیدا، کە لەسەرچاوەکانی تردا بەدەستن نەبوون. ئاماژە بەجوویەك داوە لەناوچەی قەرەداغ، بەوەی گوێدرێژەکەی دزراوە. ئەگەرچی ناوەکەی و ساڵی ڕووداوکەی تۆمار نەکردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٩/١). لەتۆمارێکی تریشیدا، باسی جوویەکی شاری (مەهاباد) کردووە بەناوی (شەلەمۆ) کاتێك وویستوویەتی کچی بدات بەشوو، پێویست بووە پارەی مارەی کچەکەی بدات، بێئەوەی ئاماژە بە بری مارەیەکی بدات(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٦٣/٥). ئەوەش لایەنێکی کۆمەڵایەتی جووەکان بووە لەکوردستاندا. لەئاماژەیەکی تریشدا باسی لەموسڵمانبوونی جوویەکی شاری (سنە)(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٠٨/٤)و بوونی جووەکان لەزۆر شوێنی کوردستان کردوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٢٧/٤، ٤٠٨، ٥٦٣/٥، ٦٤٠/٦). موسڵمانبوونی جووەکانیش لە زۆر شوێنی کوردستان ڕوویداوەو بە (بن جوو) ناسراون(ئەحمەد مەحمود عەلی، ٢٠٠٥، لل٩١-٩٢). هەروەها لە ڕووی مێژوویشەوە وەك هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی کوردستان ژیاون و کاری خۆیان ئەنجام داوە(اریك براون، ٢٠٠٢: صص١٧٥-٢٠٥، ئەحمەد مەحمود عەلی: لل٨٩-٩٠، حسێن اسماعیل خان دەلۆ، ٢٠١٤: ل٢٥٢)و خوێندنگای تایبەت بەخۆیان هەبووە( المس غیر ترود بیل، ١٩٧١: ص٣١١، دەلۆ: ل٢٥٢). هەموو ئەوانەش بەر لە کۆچی جووەکانی کوردستان بووە بۆ (فەڵەستین) لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا(براون: صص٧٨-٧٩، بابان، ٢٠١٢: ٤٧٦/٤).

[1] سەجادی: ڕشتەی مرواری، ٧٥٤/٧.

لەباسی پەیڕەوانی مەسیحیشدا تۆمارەکانی زۆر کەمن، لەوانە بوونی ئەو ئایینەو پەیڕەوانی و کڵێساکانیان لە کوردستان. وەك ئەوەی لەوانە لەشاری (سلێمانی)، کەسایەتییەکی مەسیحی بووە بەناوی (ئاڵتونەفەنی)(سەجادی،١٣٨٨: ٧٤٥/٦٤٥،٧/٦). ئاسایش مەسیحییەکانیش لەو شارەدا کڵێسایان هەبووە(بابان، ٢٠١٢: ٢٣٩/١-٣٥٣). باسیشی لەشاری (ماردین) کردووە، بەوەی خاوەنی کڵێسا بووە و منارەیەکەی بەرزی هەبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٣٠/٥).

کاتێکیش هاتۆتە سەر ئایینی ئیسلام و کوردە موسڵمانەکان، زۆرترین هەواڵ و زانیاری بۆ تۆمارکردووین. زۆریش پێدەچێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕابێتەوە، کە خۆی کەسایەتی و مامۆستایەکی ئایینی بووە و زۆرترین مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ زانا و مامۆستایانی ئایینی و موسڵمانەکان بووەو خۆیشی خوێندنی ئایینی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان بڕیوە. هەربۆیە لەتۆمارێکیدا باسی لە ڕێوڕەسمی پێدانی مۆڵەتی مەلایەتی بۆ پۆلێك فەقێ مزگەوتی (دارالاحسان)ی شاری (سنە) کردووە، بەوەی دوای پێدانی مۆڵەتەکەیان، دەستیان کردووە بە شایی و هەڵپەڕەکێ، هەروەها شیرینیش بەخشراوتەوە. دیارە ئەوەش بێ ئاماژەدان بە ساڵی ڕووداوەکە(سەجادی١٣٨٨: ٦٤٣/٦-٦٤٤). لەئاماژەیەکی تریدا باسی فەقێکانی ئاوایی (عەنبار)ی ناوچەی موکریان کردووە، کە بۆ ڕوون و برنجی جەژن چوونەتە لای (مەلا برایمی عەنبار)(سەجادی،١٣٨٨: ١٤٩/٢). ئەو ڕووداوەش کەوتۆتە ساڵی (١٩٥٣ز)ی گوندی (عەنبار)ی شاری (بوکان)(چاوپێکەوتنی سەڵاحەددینی موهتەدی، ٢٠٢٢/٤/٢ز). ئەوەش وەك نیشاندانی دۆخی فەقێکان، بەوەی لەسەر خوانی خەڵك و داهاتی گەورەی گوندەکان ژیاون.

لەلایەکی دیکەوە ئەرکە ئایینییەکانی ئیسلامی لەچەند ڕووداو و دیمەنێکدا بۆ تۆمار کردووین. لەنێو ئەو تۆمارانە ئاماژەی بەوەداوە، کە (حەمە ئاغای بڵباس) سزای ئەوانەی داوە، کە نوێژیان نەکردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٩/١). ئەوەش زانیارییەکی گرنگ بووە، کە ئاغایەکی کورد لەسەر دووەمین ئەرکی ئایینی ئیسلام بێتە وەڵام، بەڵام کێشەی ئەم تۆمارە ئەوەبووە، کە پێ نەوتووین (حەمە ئاغای بڵباس) بۆچی ئەو کارەی کردووە؟ ئەوە لە باوەڕی ئایینی خۆیەوە بووە، یان هۆکارێکی دیکە پاڵی پێوەناوە؟ ئەمە جۆری سزاکەشی دیاری نەکردووە، بەڵام دوای بەدواداچوونمان بۆمان دەرکەوت، کە ئەو بڕیارەی لە باوەڕییەوە بووە بە ئایینی ئیسلام(چاوپێکەوتنی سەڵاحەددینی موهتەدی). بەپێچەوانەی ئەو کەسایەتییەش، ئاماژەی بە (ڕەسول ئاغای مەنگوڕ) کردووە، کە "سەرباری ئەوەی نوێژەکانی کردووە، بەڵام خۆی لە کردەوەی خراپ نەپاراستووە. کاتێکیش پێیان ووتووە: چۆن نوێژ دەکەی و کاری خراپیش ئەکەی؟ لەوەڵامدا ووتوویەتی: نەوەك ئەو مەلایانە ڕاست بکەن، کە ئەڵێن ڕۆژی قیامەت هەیە، با ئەوەشم بدەستەوە بێت"(سەجادی، ١٣٨٨: ١٠/١). لە خستنەڕووی نەریتێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردیشدا باسی لەوە کردووە، کە ئەوانەی دەچوونە مزگەوت بۆ نوێژی جەژن، دوای نوێژ لەگەڵ مامۆستای ئایینی مزگەوتەکە دەچوونە سەردانی ماڵەکان بۆ جەژنە پیرۆزە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٧/٧). ئەو (سێ) تۆمارەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە کورد بە شێوەی جیاواز لە نوێژ و ئەرکەکەی ڕوانیووە.

لەباسی مانگی ڕەمەزانیشدا سەرەتا بەباسی (شەوی بەرات) دەستی پێکردووە و ئاماژەی بەوەداوە، کە ئەو شەوە کەوتۆتە (١٥ی شەعبان)ی هەموو ساڵێك و بەرێزەوە لەنێو کۆمەڵگای کوردی یادکراوەتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٩/١-٥٠). بۆ مانگی ڕەمەزان و ڕۆژوو لەو مانگەدا وەك سێیەمین باوەڕ و ئەرکی ئایینی موسڵمانان، ئاماژە بەوە داوە، کە لەسەر موسڵمانان پێویست بووە ئەو مانگە بەڕۆژوو بن(سەجادی، ١٣٨٨: ١٦/١، ١٣٠/٢). باسیشی لەوە کردووە، کە لەو مانگە و تەنانەت (شەشەڵان)یش شێخ و مەلاکان ڕێنمایی و پەیامی ئایینییان بۆخەڵکی خوێندۆتەوەو لە شێوازی پێشوازی وبەرێکردنی وچۆنییەتی بەڕۆژووبوون ئاگاداری کردوون(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٣٨/٣-٣٣٩). هەروەها ئاماژەی بە ڕۆژووی دوو ناوچەی کوردستانی کردووە. یەکەمیان شاری (سلێمانی)، کە تاساڵانی سی و چلەکانی سەدەی بیستەم و دوای (نوێژی تەراویح)، خەڵکی لە چاپخانە و شوێنی جیاجیا کۆدەبوونەوە و گوێیان بۆ داستان و بەسەرهاتەکانی مێژوو ئەگرت(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧٥/٧). لە باسی شاری کەلاریشدا باسی لەوە کردووە، کە نوێژ بە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانەوە ڕەونەقێکی تری بووە، بەڵام باسی ئەو ڕەونەق و جوانییەی نەکردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٤٩/٤).

لە باسی (زەکات)یش وەك چوارەمین ئەرکی ئایینی باسی لەوە کردووە، کە لەسەردەمی (میر موحەممەد) میری سۆران، باجی زەکات و دەیەك وەرگیراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٩/٦). هۆکارەکەش ئەوە بووە، (میر موحەممەد) لە دیدگای ئایینی ئیسلامەوە بۆ پرسی کورد و دەسەڵاتی ڕوانیووە(ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ٢٠٠٤، لل١٤٢-١٦٩، هروتی: لل٢٠٢-٢٠٥).

لە باسی (حەج)یشدا وەك پێنجەمین ئەرکی ئایینی چەند وێنایەکی کۆمەڵگای کوردی بۆ تۆمارکردووین، تا بزانرێت کورد چۆن لەو ئەرکەی ڕوانیووەو چۆن لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە ساڵانە خەڵکی چووە بۆ (حەج)؟ لە گێڕانەوەی پیاوێکی گوندی (بانی خێڵان)ی دەربەندیخان کاتێك چووە بۆ حەج و"ڕووی کردۆتە ئارامگای پەیامبەری خوا (د.خ) ووتوویەتی: ئەمە شوێنە تێدا ژیاوی"(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٨٧/٧)؟ بەو مانایەی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) لەوناوچە بیابانە گەرمە ژیاوە، لەکاتێکدا زێدی هاوڵاتییە گوندی (بانی خێڵان) بووە، کە ناوچەییەکی شاخاوی و خاوەن دەشتی بەپیت و ئاوی سیروان بووە. ئەمەو جگە لەوەی باسی لە حەجی (مەلا موحەممەد) مامۆستایەکی ئایینی شاری دەربەندیخان کردووە، تا لەدیدگای هاوڵاتییەکەی گوندی (بانی خێڵان) جیابکاتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٧٩/٥). سەبارەت بە شێوازی چوون بۆ حەج ئاماژەی بەوەداوە، کە لە ڕابردوودا (دوو) ڕێگا بۆ چوونی حەج هەبووە. ڕێگای یەکەم وشکانی بووە بە ڕەشەوڵاخ و ووشتر(بابان، ٢٠١٢، ١٢٤/٤). ڕێگای دووەمیش ڕێگای ئاوی بووە بە پاپۆرو بەلەم و لەڕێگای دەریاوە. ئەو ڕێگایەش یان (کەنداوی عەرەبی) بووە یان (دەریای سوور)، بەڵام بۆ ئەو ڕێگایەش ڕێگای ووشکانی هەر پێویست بووە، چونکە خاکی کوردستان بەسەردەریاوە نەبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٩٤/٨). لەم بوارەشدا باسی پیاوێکی خەڵکی (مەراغە)ی خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە، بەوەی بە ووشتر چووە بۆ حەج(سەجادی: ٥٩٢/٦). ئاماژەی

بەوەشداوە، کە (ئەحەی کرنو) وەك کەسایەتییەکی قسەخۆشی شاری (سلێمانی) حەجی کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٥٢/٥).

لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بە تێکدان و نۆژنکردنەوەی مزگەوتەکانی کوردستان کردووە، بەهۆی بچووکیان یان کۆنیان، وەك ئەوەی (شێخ موحەممەدی گوڵانی) داوای نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی قامیشانی لەخەڵکی خێرخوازکردووە، چونکە خۆی پێشنوێژو ووتاربێژی بووە (سەجادی، ١٣٨٨: ٧٢٦/٧، ٧٤٥/٧). لە بارەی ڕێنمایی ئایینی و گەیاندنی پەیامی ئیسلام و باوەڕ و ئەرکە ئایینییەکانیش چەندین زانیاری مێژوویی بۆ تۆمار کردووین. لەوانە: پردی سیرات(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٥/١)، خراپی و گەرمی دۆزەخ (سەجادی، ١٣٨٨: ٢٣٠/٢)، خراپی مەیخواردنەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦١٥/٦).

سەبارەت بەبوونی پەیڕەوانی شیعەش نووسیوویەتی: ”جگە لە (مامێژکەکان)ی پارێزگای کرماشان، زۆربنەی دانیشتوانی شارو پارێزگاکە شیعە مەزهەب بوون“(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧٠/٧). دیارە نەك هەرئەو گوندە شاری (کامیاران)و زۆربنەی سنووری شارستانەکەی لەپەیڕەوانی سووننە بوون. لە ئاماژەیەکی تریشدا باسی لەوە کردووە، کە لەشاری (سلێمانی)و لە سەردەمی قاجارەکاندا یادی شەهیدکردنی (حوسێن کوڕی عەلی) کراوەتەوەو تێدا نمایش کوژرانی (حوسێن) بەدەستی (شەمر) کراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٥٤/٤-٤٥٥). واتەکوژرانی (حوسێنی کوڕی عەلی) بەدەستی (شەمری کوڕی زی جەوشەن)(الیعقوبی، ١٤٢٥ه.ق: ١٦٩/٢-١٧٠، أبن الاثیر، بلا: ٤٧٨/٣-٤١١). تەنانەت ئاماژەی بە هەمان یادی لە گوندی (سونغور) لە خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە، بەبێ نمایشکردنی کوژرانی (حوسێنی کوڕی عەلی)(سەجادی: ٧٨٨/٨).

لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بەهەردوو ڕێبازی تەسەوفی (قادری و نەقشبەندی) کردووە. لەوانە ئاماژەدان بە کابرایەکی جاف، کاتێك دزی کردووە، چۆتە لای (شێخ عەبدولکەریمی کربچنە-کەسنەزانی) وەك ڕابەری ڕێبازی قادری و تۆبەی کردووە و بڕیاریداوە ئەو کارە و هیچ کارێکی دژە ئایین و دژ بەڕێبازەکە دووبارەنەکاتەوەو بۆتە دەروێشی(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٦٨/٥). لەباسی ڕێبازی نەقشبەندیشدا ئاماژەی بە (شێخ بورهان) وەك کەسایەتییەکی ڕێبازەکە کردووە، کە ناوی خۆی (یوسف)و نازناوی (شەمسەددین)و بەناوی گوندەکەوە پێی دەوترا (شێخی بورهان). ئەو کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی موکریان بووە، کە هەزاران پەیڕەوی لە دەورکۆبۆتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٦٦/٧).

جیاواز لەوانەش نووسەر سێ لەوەنەکردۆتەوە، لەتۆمارنەکردنی هەندێك ڕەوشتی دوور لە ئایین، لەلایەن کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینییەوە، لەوانە (شێخ موحەممەد قەرەداغی) نوشتەی نووسیووەو لەلایەن خەڵکەوە بە (شێخ ئەحمەدی جنۆکە) ناسراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧١/٧)، گوایە لە زمانی جنۆکەکان تێدەگات و بەو نووشتانە جنۆکان لە جەستەی مرۆڤ دەکاتە دەرەوە. (شێخ مارفی زڵزڵە)ش نوشتەی بۆ نەخۆشی و شتی جۆراوجۆر و داوای خەڵك نووسیووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٣٧/٧). (مەلا ئەمینی جەفار)یش تا جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی دواتریش بە کەواو سەڵتەو مێزەرێکی سپییەوە بەختی بۆ خەڵکی ئەگرتەوەو کتێبی (جفرە)ی لە باخەڵدا بوو(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٦٢/٧). (مەلا کەرەم وەیس) لە گەڕەکی سەرچیمەن کتێبی گرتۆتەوەو نووشتەی نووسیووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٣٨/٨-٨٣٩). هەمووو ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە (نوشتەنووسین) لەنێو کەسانی ئایینی کۆمەڵگای کوردیدا باو بووەو کاری پێکراوە(تۆمابوا، ١٩٨٠: لل٢١٨-٢٢٩).

لە ئاماژەیەکی تردا کارێکی نەشیاوی (مەلا ئەحمەدی عەنەبی) خستۆتەڕوو، بەوەی هەتیوباز بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٨٨/٦). باسی کاری سێکسی پیاوێك کردووە لەگەڵ گوێدرێژێك لەمزگەوتێکدا(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٨٨/٦). پیاوێکیش ڕووەوە قیبلە مێزی کردووە(سەجادی: ١٥٤/٢). لەکاتێکدا شوێن و کاتی ڕووداوەکانی دیاری نەکردووە، بەڵام پێدەچێت، ڕووداوەکەی (مەلا ئەحمەد) گوندی (عەنەب)ی نزیك شاری (هەڵەبجە) بێت. دیارە هەموو ئەوانە و زیاتریش، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان هەبووە، لە کەمترین سەرچاوەی مێژوویدا باسێکیان لێوەکراوە.

تەوەری چوارەم

دۆخی ئابووری کوردستان لە تۆمارەکانی (رشتەی مرواری)دا

ئەم بوارەش کەلێنێکی باش و چەندین لایەنێکی گرنگی پایەکانی ئابووری و داهاتی کوردستان و کۆمەڵگای کوردی پڕکردۆتەوە. نووسەریش مەبەستی بووە ئاگاداری دۆخی ژیانی کۆمەڵگاکەی بێت. لەم بارەوە ئاماژەی بەوەداوە، کە ئافرەتێك لە شاری (کەرکوك) بەهۆی گرانبوونی کاڵاکان و بەرزبوونەوەی نرخی شمەك لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، سکاڵای بردۆتە لای دادوەری شارەکە بەناوی (مەلا سدیقی نازەنین)، تا چارەی دۆخەکە بکات و ئەوانەی خۆراك و پێداویستی بە گران دەفرۆشن، یان کاڵاکان دەشارنەوە، تا نرخەکەی بچێتە سەرەوەو گرانبێت، سزا بدرێن(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٦٣/٤).

کاتێکیش هاتۆتە سەر پایەکانی ئابووری کوردستان باسی لە ڕووداوێکی مێژوویی کردووە لە شێوەی داستاندا بەوەی کورد بەر لە (سەردەمی فێرعەونەکان)یش پاقلەیان چاندووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٥٩/٨). سەردەمی فێرعەونەکانیش کەوتۆتە نێوان هەزاری چوارەم بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین(برندا اسمیت، ١٣٨٤ه.ش: صص٦-٧، عامر سلیمان و مالك الفتیان، ١٩٧٨: صص٢٤٧-٤١٤). بەڵام پێش ئەو مێژووەش لە گوندی (چەرمۆ)ی نزیك شاری (چەمچەماڵ)و بەر لە (٧٠٠٠) ساڵ پێش زایین نەك تەنیا (پاقلە)، بەڵکو (گەنم، جۆ، نیسك، نۆك) چێنراوە(سیتون لوید، ١٩٨٠: صص(٣٤-٣٧)، د. جمال رشید و د. فوزي رشید، ١٩٩٠، صص٢٨-٢٩، روبرت . ج. ی. و ئەوانی تر، ٢٠٠٥: لل٣٩-٥١). کشتوکاڵیش لە کوێندا، تا ئەم ساڵانەی دوایی بە (گا) کراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢٦/١، ٧٤١/٧). بەرهەمەکانیش بە ڕەشەوڵاخ بۆ گوند و شارەکان گوازراوتەوە. لە ئاماژەیەکیدا باسی لە گوندی (بێواتە) لە ناوچەی باڵەکایەتی کردووە، بەوەی خاوەنی ڕەز وباخی گەورەو جوان بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٨/٧). مەرجیش نەبووە خاوەن موڵك یان جوتیار، بە دەسکەوتی بەرهەمەکەی بگات، بەڵکو هەندێك جار ئافات لێداوە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٥/١)، (سمایل حەمەجان) توتنی هەبووەو لێ دزراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٩/١). لە زۆر ناوچەی کوردستانیش وەك ناوچەی (وەرتێ) بەشێکی دراوە بە گەورەی گوند و ناوچەکان، کە یان (ئاغا) بوون، یان (بەگ، میر، کوێخا)(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٣٤/٨). هەموو ئەوانەش لەسەر داهاتی جوتیار کەوتووە.

لایەنێکی تری ئەم بوارە، مەترسی سەر کشتوکاڵی شاری (سلێمانی) بووە، لەساڵی (١٩٣٣ز)دا، بەهۆی بوونی شەمشەمە کوێرە و بەرازەوە، کە زیانی بە زەوییە کشتوکاڵییەکانی، بۆیە فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی ناچار بووە، داوا لە فەرمانگەی کشتوکاڵی بەغداد بکات، بە هانایانەوە بێت و دەرمانیان بۆ بنێرێت و ئەو مەترسییەیان لێ دووربخاتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٥/١). دیارە ئەوەش دوای ئەوەی چارەسەرەکەی لەدەست فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانیدا نەبووە.

لەباسی ئاژڵداریشدا وەك دووەمین سەرچاوەی ئابووری کۆمەڵگای کوردی، هەندێك گوند و ناوچەی کوردستانی بەناوی جۆرەکانی ئاژەڵەوە پێ ناساندوین، وەك ناوبانگی گوندی مالوان بە (مانگا)، گوندی مەرگەوەر بە (شەگەل)، گوندی هەوشار و کونە ماسی بە (سەگ)، گوندی هۆبەتو بە (گورگ)، گوندی دێلێژە بە (بزن)، عەربەت بە (دووپشك)، شاری کرماشان بە (کەڵەشێر)، ناوچەی دیبوکری بە (توکە سەگ)، ناوچەی موکریان بە (عەلەشیش-قەل)(سەجادی، ١٣٨٨: ١٤٢/٢). لە مامەڵەکردنیش بە مەڕواڵات و ڕەشەوەڵاخ، گرژی و شەڕ لەنێوان فرۆشیار و کڕیارەکان لەسەر جۆری مامەڵەکە ڕوویداوە (سەجادی، ١٣٨٨: ٧٩٤/٥).

لەباسی بازرگانیدا ئاماژەی بەچەند کاڵایەك کراوە، کە بازرگانی پێوەکراوە. لەوانە فرۆشتنی قوماش، کە بە (کوتاڵفرۆشی یان بەزاز)ی ناسرابوو(سەجادی، ١٣٨٨: ١٥١/٢). باسی لەوەش کردووە، کە هاوڵاتییەکی ناوچەی شارباژێر بە گوێدرێژ (کەرە و سیرێژ)ی بۆ شاری (سلێمانی) بارکردووە، تا بیفرۆشێت(سەجادی، ١٣٨٨: ٢١٧/٢). ئاماژەی بەوەش داوە، کە لە هەرشارێك بارخانەی تایبەت بۆدانان وگواستنەوەی کاڵاکان هەبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧٤/٧).

لەئاماژەدان بەو پیشانەشی لەکوردستاندا هەبوون، ئاماژەی بە کوتاڵفرۆشی(سەجادی، ١٣٨٨: ١١٣/١)، سەعاتچی(سەجادی، ١٣٨٨: ١٤٧/٢)، تەنەکەچی(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٠٥/٦)، سەرتاش(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧/١)، عەلاف(سەجادی، ١٣٨٨: ٢٢٤/٢)، ئاشەوانی(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٩/١)، لێفەدوورین(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٨٤/٦)، کۆنەفرۆشی(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٢٩/٣)، (دەباخچی)(سەجادی، ١٣٨٨: ١٣/١)، جامباز(سەجادی، ١٣٨٨: ٧١٤/٧)، کورتاندروو(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٠٢/٧)، نوشتەنوسین)(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٦٢/٧، ٨٣٨/٨-٨٣٩)، (فرۆشتنی چەوەندەری کوڵا)(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٠/١)، (سواڵکەر و درۆزەکەر) کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٦٩/٥-٥٧٠). ئاماژە بەوەشداوە، کە پیشەی دەستی لە شاری (سنە) برەوی هەبوو، وەك ئەوەی بە دارگوێز و شێوەی هونەری، قوتوی جگەرە و کاسە و شتی نایابی لێ دروست ئەکرا(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٦٧/٧). لە باسی وەستای پیشەکانیش، باسی کۆمەڵێك وەستا کراوە، لەوانە (وەستا گورون) لەبازاڕی (وەسمان پاشا)ی شاری سلێمانی بەرگدوور بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢١٦/٢). (بەشیر موشیر)یش لە شاری (بەغداد) بەرگدوور بوو وە پۆشاکی بۆ هەردوو توێژی (مەدەنی و سەربازی) دوریبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٨٤/٨). لەشاری (سلێمانی)یش (ئەحەنازێ) کەوچك(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٠٥/٦)و (حاجی جاو)یش حەلوای فرۆشتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢٣١/٢). (وەستا سادق)یش حەسیری دروستکردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢٢/١)، (حەمەساڵح)یش لەشاری (پێنجوێن) کورتاندروو بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٠٢/٧). (ئەحەی ناسر)یش گۆرانبێژ بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٤/٦). لە شاری (هەولێر)یش (مستۆی وەستا چیچۆ) خەنە و وسمەی فرۆشتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٧٥/٢). کاتێکیش دانسازی هاتۆتە شاری (سەقز)، تاقمی ددانیان دروستکردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٩٩/٧). لەموکریانیش (ماوەوەیس) جولاّیی کردووە (سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٠/٧). (فەتاحی بارام هەمەوەند)یش پیشەی ڕاو بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٧٣/٢). لەشاری (سنە) کوێرێك، بەناوی (سەید حەسەن) کاری (تاوس بازی) بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٩/٦). لەناوچەی (ورتێ)ش خەڵکی خوێیان کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٣٤/٨-٨٣٥). لەگوندی (کەسنەزان) پیاوێك چەرچییەتی کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٤/٦).

لەباسی هاتنی (پاقڵاوە)ش بۆ باشووری کوردستان، ئاماژەی بەوەداوە، کە لەماڵی (مەحمود پاشای جاف) بۆمیوان دانراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٦/٧). ئەمەش بەواتای ئەوەی بەر لەساڵی (١٩٢١ز)، کە (مەحمود پاشا) لەژیاندا بوو(محمد امین زکی، ١٩٣٤: ١٨١/٢، خصباك: ص١٦٨)، ئەوجۆرە شیرینییە لەکوردستان هەبووە. (جلشۆر)، کە هاتۆتە شاری (سلێمانی) لەلایەن (نامیقی میرزا تۆفیق) هێنراوەو لەدوکانەکەیدا فرۆشتوویەتی(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٣٧/٧).

لە باسی (باج)یش ئاماژە بە وەرگرتنی باجی بار لەشاری (سلێمانی) کراوە، بێئەوەی باسی سەردەمەکە بکات(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٤٣/٦). (فەرا میرزا) حاکمی سنەش سەرباری چاودێری بازاری شارەکە، باج و سەرانەی خستبووە سەر ناوچەی هەورامان(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٣٣/٣). ناوبراو ناوی خۆی (فەرهاد میرزا موعتەمیدئەلدەولە/١٨١٨-١٨٨٨ز) مامی (ناسرەین شای قاجار)و دوای لێدانی میرنشین و بنەماڵەی ئەردەڵان لەنێوان ساڵانی (١٨٦٧-١٨٧١ز) وەك حاکمی شاری سنەو ناوچەکەی دانرا(عەلی تەقی ئەلحوسینی، ٢٠٠٣: لل٨٢-٨٣).

لەتۆمارێکی تریدا زۆر بە ووردی باسی لافاوەکەی شاری سلێمانی کردووە، لەڕۆژی (هەینی) بەرواری (١٨ی تشرینی یەکەمی١٩٥٧ز)دا. لەو تۆمارەدا زۆر ووردی هۆکارو کاتی ڕووداوەکە و زیانە گیانی و ماڵییەکانی خستۆتەڕوو، کە خنکان و مردنی (٣٥) هاوڵاتی بووە، لەگەڵ ڕووخانی (٤٧) خانوو، وە زیان گەیاندن بە (٢٩) خانووی تر. ئەمەو کۆی زیانە ماددییەکانیشی بە (٣٠٠هەزار) دیناری عێراقی دیاریکردووە. هەروەها باسی ئەو کۆمەك و یارمەتیانەشی کردووە، کە بۆلێقەوماوان و زیان لێکەوتووانی لافاوەکە کۆکراوەتەوە، لەوانەش (٢٠هەزار) دینار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابینکراوە. (٣٠هەزار) دیناریش لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند، لەپاڵ هەندێك کۆمەکی تر، کە کۆی پارەکە گەیشتۆتە (٥٥هەزار) دیناری عێراق(سەجادی، ١٣٨٨: ٣١٣/٣-٣١٨). باسی لافاوێکی شاری (خانەقین)یشی کردووە، کە لە ڕۆژی (یەکشەممە) بەرواری (٥ی کانوونی دووەمی١٩٥٨ز) ڕوویداوە. لەو ڕووداوەشدا زانیاری بەنرخی پێداوین، وەك گیان لەدەستدانی (١٠) کەس بەهۆی لافاوەکەوە. هەروەها ژێر ئاوکەوتنی (٢٠) خانوو لەناو شارەکە. (٢٥) خانوو لە ئاوایی (تۆلەفرۆش)و (٣٠) خانووی تر لە (کارێزی ئەرکەوازی) نزیك شارەکە. بەکۆی گشتی (١٥٠) خانوو بەهۆی لافاوەکەوە ڕووخاون و زیانێکی ماددی زۆریش بە ناوماڵەکان و بازاڕ و دوکانەکان کەوتووە(سەجادی، ١٣٨٨:

٣٢٠-٣١٨/٣). لەباسی بومەلەرزەکەی شاری (پێنجوێن)یش ئاماژەی بە ساتی ڕوودانی و زیانەکانی نەکردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١١/١). لەکاتێکدا ئەو بومەلەرزەیە لە (٨ی ئابی١٩٤٦ز) ڕوویداوە(بابان، ٢٠١٢: ٤٧٥/٤)و زیانێکی زۆریش بە خانوو و دوکانی هاوڵاتیان کەوتووە، بۆیە هاوڵاتیان ناچاربوون لەماڵەکانیان بڕۆنە دەرەوەو لەژێر خێمەو حەسریدا بمێننەوە (ئەحمەد مەحمود عەلی: لل٧٢-٧٣). هەروەها ئاماژەی بە حاڵەتێکی مانگیران داوە، کە خەڵکی بە کارێکی ئاییینیان زانیووبە و تەنەکە و تەپڵ و جەفیان لێداوە، بەڵام شوێن و کاتەکەی تۆمار کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٨٢/٥).

**تەوەری پێنجەم**

**دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان لە تۆمارەکانی (ڕشتەی مرواری)دا**

ئەم لایەنەش وەك بەشێك لە مێژووی کۆمەڵایەتی کوردستان، ڕووپێوێکی باشی داگیر کردووە. هۆیەکەش ئەوەبووە، (عەلائەددین سەجادی) سەروسوختی لەگەڵ کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، تا بەهۆیانەوە زانیاری لەسەر ژیان و کەسایەتی و پێگەیان لە خێڵ و هۆز و تیرەکانیان بزانێت. دیارە بەو پێیەشی کۆمەڵگای کوردی زۆر لەیەکەوە نزیك بوون و پەیوەندی بەهێز لەنێوان خێزان و تیرەو هۆزو خێڵەکاندا هەبووە، بۆیە ئەو حاڵەتە بۆ نووسەری ئەم بەرهەمە قورس نەبووە. نووسەر لەباسی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەدا ئاماژەی بە مەلای مزگەوتی (گوندی شوێ)ی ناوچەی بانە کردووە، کاتێك نوێژخوێنان چۆتە سەردانی هەموو ماڵەکانی گوندەکە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٤٧/٧).

لەدیمەنێکی تری کۆمەڵگای کوردیدا باسی لەبوونی خزمەتکارو پاسەوان کردووە لەدیوەخانی ئاغاو بەگەکانی کورد(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٤/١-٦٥، ١٩٠/٢، ٧٧٤/٧). وەك ئەوەی (عەزیزخانی سەرداری موکری/١٧٩٢-١٨٧٠ز)ش وەك کەسایەتییەکی کورد، زۆر شاهانە ژیاوەو دەیان پیاو و خزمەتکاری هەبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٣٦٠/٤-٣٦١). (وەسمان پاشای جاف) خزمەتکارێکی هەبوو بەناوی (سلێمانی شانازی) هەموو ڕۆژێك لە شاری (سلێمانی)یەوە چۆتە گوندی (بامۆك) لە نزیك شاری (هەڵەبجە)و لەماڵی (میرزا ئەوڵا-میرزا عەبدوڵلا)ماستی بۆ هێناوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٨/١-٧٩). دیارە (وەسمان پاشا) حەزی لەوماستە کردووە، بۆیە بەتایبەت خزمەتکارێکی بۆ داناوە، تا هەموو بەیانییەك بەتازەیی بۆ بهێنێت. (بابەکری سەلیم ئاغای پشدەری) لە ناوچەی (پشدەر)ەوەو بە خزمەتکارێکیدا نامەیەکی تایبەتی ناردووە بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لەشاری (بەغداد)(سەجادی، ١٣٨٨: ١٨٤/٢-١٨٥). (حەمە ئاغای سەرا)ش لەگوندی (سەرا)ی ناوچەی سەقز چەندین چەکدارو خزمەتکار هەبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٧/١). (ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد ئاغا)ش لە شاری (سلێمانی) چەندین خزمەتکاری هەبووە(سەجادی: ٧٥٤/٧-٧٥٥). ناوبراو، کە لەنێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩٦٢ز) ژیاوەو لەسەردەمی دووەمین دەسەڵاتدارێتی (شێخ مەحمود) وەزیری بەرژەوەندییەکان (المنافع) بووە(بابان، ٢٠٠٦، ص٧١٧). باسی گوندی (قەڵاچوالان)دا ئاماژەی بە بوونی چەند خێزانێکی هەژار کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٢٧/١). هەموو ئەوەش بەو مانایەی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە(سەجادی، ١٩٥٩: ل٢٥).

لەلایەکی دیکەوە چەند وێنایەکی خێزانی سەرۆك (خێڵ، هۆز، تیرە)و کەسایەتییەکانی کوردی بۆتۆمار کردووین، وەك ئەوەی (مەحمودخانی نادر شاتری) منداڵی نەبووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧/١). لەکاتێکدا (جافرسان) لە (نەسود) خاوەنی (٢٤) کوڕ بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٣٣/٢). (کەریمی فەتاح بەگ جاف)یش کاتێك چۆتە شاری (بەغداد) خۆی کێشاوە، تا بزانێت چەند کیلۆیە(سەجادی، ١٣٨٨،: ١٤٥/٢). (مەسعود بەگی تایەر بەگی جاف)یش ناوچەی شلێر و ناوخوانی بە بەگزادەکانی بانە فرۆشتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٤٤/٦). (حەسەن بەگی قادر بەگی جاف) لەگەڵ دەستەیەك سوار پەلاماری مەرزەیەکی لە شارەزوور داوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥١/١). هەموو ئەو ئاماژانەش چەندین ڕووداوی مێژوویی کەسایەتییەکانی کوردیان لە ڕووداوی جیاجیا بۆ سەلماندووین، کە پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

لە باسی تەمەن و زۆری تەمەنیش لەنێوکۆمەڵگای کوردی باسی لەوە کردووە، کە (زۆراب ئاغا) لە کوردانی باکووری کوردستان، کە نووسەر بە کوردانی تورکیا ناوی هێناوەو خەڵکی جزیرە بووە، (٢٢٠) ساڵ ژیاوەو ساڵی (١٩٧٠ز) کۆچی دوایی کردووە لەدوای خۆی (١٨٠) کوڕ و کچ و نەوەی بەجێهێشتووە، تا مردیش بیر وهۆشی زۆر باشبوو(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٣١/٧). لە باسی سیما و ڕووخساری تاکی کوردیش ئاماژەی بەوەداوە، کە (شێخ سەعیدی مەسۆ) پیاوێکی زل و باڵابەرز و چوارشانە بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٥/١).

لایەنێکی تر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە، وەك ئەوەی (خورشید ڕەواندوزی) کاتێك لەشاری (کەرکوك) دادوەر بووە، چارەسەی کێشەی کۆمەڵایەتی کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٧٢/٧). (مەلاحەسەنی قازی)ش لە (چوارتا) چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتییەکانی کردووە وەك ڕێگری لە جیابوونەوەی ژن و مێردێك(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٣٠/٨).

لایەنێکی تر ئاوڕدانەوە بووە لە (شایی و زەماوەند)ی کوردەواری. لەباسی شایییەکەی بناویلەدا، کە چۆتە سەر زاری خەڵکانێکی زۆر گوایە چەند شەو و ڕۆژی خایاندووە، ئاماژەی بەوەداوە، کە شایییەکە کەوتۆتە سەردەمی (مستەفا سەلیم ئاغا) کاتێك بەڕێوبەری ناحیەی سروچك بووەو گوندی (بناویلە)ش سەربەو ناحیە بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٥١/٨-٨٥٢). باسی شایییەکیش کراوە لە ئاوایی (سەرشاتە)ی ناوچەی (قەرەداغ)( سەجادی: ١٦٣/٢). لەباسی شایی و زەماوەند و بووك گواستنەوەشدا، ئاماژەی بە بوونی دەستبازی و هەوەسبازی نێوان بوك و زاواکان کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٧/٦). دیارە خۆی شاهیدی ئەو دیاردانە نەبووە، بەڵکو ئاسایی لە کەسانی دیکەی بیستووە.

لایەنێکیتر ئاوڕی لێداوەتەوە چەند لایەنێکی ژیانێکی کۆمەڵگای کوردی بووە، وەك (میرایەتی)(سەجادی، ١٣٨٨: ٤٤/١)، وەرزش و گاڵتە و گەپ و زۆرانبازی(سەجادی، ١٣٨٨: ١٧/١)، مەلەکردن(سەجادی: ١٢٨/٢)، نوکتەبێژی، وەك ئەوەی (حاجی موحەممەدی عەنبەر) یەکێك بووە لە نوکتەبێژانی شاری (سلێمانی)(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٣٩/٨).

لایەنێکی تری، کە زۆر دەگمەن زانیاری نوسراومان لەسەری هەبووە (دزی و دزیکردن و شێوازەکانی بووە. دیارە دزیکردنیش وەك دیاردەیەکی خراپ و ڕەتکراوەی ئایین و باوەڕی کوردو کۆمەڵگاکەی، کەچی لەهەندێك شوێن ولای بەشێکی تاکی کورد ئەنجامدراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٤/١-

٦٥). وەك ئەوەی (کوێخا فەتحوڵلای بەکراوایی و شێخ ئەحمەدی بەردەزردی)ش دزییەکیان بە هاوبەشی کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ١٦٨/٢)، بەڵام شوێن و جۆری دزییەکەی باس نەکردووە. مەلایەکیش وویستوویەتی لەکەلیخانەوە بچێت بۆ شاری (بانە)، بەڵام لەوێ پیاوێکی بانەیی ڕووتی کردۆتەوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٢٧/٦). بەدەر لەو دیاردەش، ئاماژەی بەوەش داوە، کە بەشێك لە سەرۆك خێڵ و ئاغاکان تلیاك کێش بوون(سەجادی، ١٣٨٨: ٩/١). باسی لە بوونی (نێرەمووك)یش کردووە، لەو نێودا ناوی (مچەی حەبی کشمیش)ی لە شاری (سلێمانی) هێناوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٠١/٨)، کە خۆی ناوی (مستەفا) بووەو بەناوی دایکییەوە (حەبیبە) ناونراوە (مچەی حەبێ). بەو پێیەشی بە (کشمیش) ناسراون، ئەو ناوەشیان پێوە لکێنراوە. لەپاڵ کێشەی دزی و تلیاك کێشان باسی کاری داوێن پیسی کردووە، وەك ئەوەی پیاوێك سێکسی لەگەڵ ماکەرێك کردووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٩٠/٦). (حاجی مەلا حەمەشینە)ش ویستویەتی دایکی خۆی مارەبکات(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٣٦/٨). درۆزەکەرێکیش وویستوویەتی کچەکە بداتە کەسێك دۆخی دارایی باش بێت(سەجادی، ١٣٨٨: ٨٤٦/٨). کەسێکیش دووپشك بەزەکەرییەوە داوە، نەیتوانیووە ناوی ببات(سەجادی: ٦١٣/٦).

زانیارییەکانی ئەم بەرهەمەش لە بارەی ژنی کورد زۆر و جۆراوجۆرن. هەر لەبواری تایبەتی خێزانی و ڕازەکانی نێوان ژن و مێرد، تا بە عەشق و هەوسبازی و داوێنپیسی ئەگات. دیارە ئەمە سەرباری ئاماژەدان بە قارەمانییەتی و بوێری ژنی کورد(سەجادی، ١٣٨٨، ١/٨٢-١٠٨، ٢/١٩٦-٢١٧، ٥/٥٥٠-٥٦١). وەك ئەوەی ژنێك لەشاری (هەڵەبجە) سکاڵای بردۆتە لای قازی شارەکە لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی لەپیاوەتی کەوتووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٩٧/٦). ژنێکی بێسەرپش خۆی نەداوەبەدەست مێردەکەیەوە(سەجادی،١٣٨٨: ٦٠٧/٦). پیاوی کوردیش لە ژنەکەی ترساوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٥٦١/٥).باسی بوونی بەدەڕەوشت وخراپکار لەنێو ئافرەتی شاری (کرماشان) کراوە(سەجادی، ١٣٨٨: ٦٣٠/٦). جیاواز لەو تۆمارانەش باسی لە خەتەنەکردنی کچان کردووە، بەڵام نووسەر وەك مامۆستایەکی ئایینی لەگەڵی نەبووەو دژی بووە(سەجادی، ١٣٨٨: ٧٩٧/٨). بەشێکی ئەمانەش لە تۆماری گەڕیدەو خۆرهەڵاتناساندا ئاماژەی پێکراوە((تۆمابوا: لل٢١٨-٢٢٩)، ڤلادیمیر مینۆرسکی، ١٩٨٤: لل١٠١-١٢٤).

ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیەی دوای تاوتوێکردنی دەیان سەرچاوەو گەڕانەوە بۆ خودی بەرهەمەکانی (عەلائەددین سەجادی)و بەتایبەت (ڕشتەی مرواری)، گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. (عەلائەددین سەجادی) بە کەسایەتییەك و نووسەرێکی بەهرەمەندی کورد دادەنرێت، کە سەرباری ئەوەی مامۆستایەکی ئایینی بووەو کاری ڕۆژنامەنووسیشی کردووە، لە بواری نووسینەوەی مێژووی کوردیشدا بێدەسەڵات نەبووە.

٢. لە بواری نووسینەوەی مێژووی کوردا (مێژووی ئەدەبی کوردی، محمد امین زەکی، گەشتێك بە کوردستاندا، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، کوردەواری)، لە دیارترین بەرهەمەکانی ئەم بوارەن.

٤. (ڕشتەی مرواری) وەك بەرهەمێکی دانسقەی نووسەرو تەنانەت مێژووی نوسراوی کوردیش، لە چەندین لایەنەوە زانیاری بەنرخی لەسەر مێژوو و کەلتووری کورد تۆمار کردووە. ڕاستە بەرهەمەکە وەك جۆرێك لە تەنز بۆ سەردەمی خۆی نووسراوە، بەڵام پڕە لە زانیاری جۆراوجۆرو تۆماری مێژوویی لەسەر کوردو بەشێکی جیهان، کە مێژوونووسان و پسپۆرانی بواری مێژوو دەتوانن سوودی باشی لێوەربگرن.

٥. لەگەڵ ئەوەی (ڕشتەی مرواری) وەك بەرهەمێکی مێژوویی سەیرنەکراوە، بەڵام لە نووسینی هەواڵ و ڕووداو و تۆمارە مێژووییەکاندا، بەڵام باسی چەند لایەنێکی مێژوویی کۆمەڵگای کوردی کردووە، کە لە سەرچاوە مێژووییەکانی تردا بەردەست نین، بۆیە بە گەڕانەوە بۆ ئەم بەرهەمە خزمەت بە مێژووی کوردی ئەکات و هەندێك کەلێنی پڕ دەکاتەوە.

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

أبن الاثير، ابي الحسن علي بن الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم/(٦٣٠هـ/١٢٣٢م)
١. الكامل في التاريخ، تحقيق: خيري سعيد، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، بلا.
الاكوم، روهات/
٢. شريف پاشا-سنوات عاصفه لدبيلوماسى كوردى، ترجمه: شكور مصطفى، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية-أربيل، ٢٠٠٤م.
بابان، جمال/
٣. اعلام الكرد العراق، الطبعة الاولى، مطبعة شفان-السليمانية، ٢٠٠٦م
براون، اريك/
٤. يهود كردستان، أكمله و أصدره: رافائيل پاتاى، نقله الى العربية: شاخوان كركوكى و عبدالرزاق بوتانى، الطبعة الاولى، دار أراس، مطبعة وزاره التربية-أربيل، ٢٠٠٢م.
بيل، المس غير ترود/
٥. فصول من تاريخ العراق الحديث، ترجمة: جعفر خياط، الطبعة الاولى، دار الكتب-بيروت، ١٩٧١م.
د. جمال رشيد و د. فوزي رشيد/
٦. تاريخ الكرد القديم، الطبعة الاولى، مطبعة دار الحكمة– اربيل، ١٩٩٠م.
الحاج، د.عزيز/
٧. القضية الكردية في العشرينات، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٥م.
الحسني، عبدالرزاق/
٨. تأريخ العراق السياسي الحديث، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٤٨م.
الزعيم الركن شكرى محمود نديم/
٩. حرب العراق (١٩١٤-١٩١٨)، الطبعة الرابعة- بغداد، ١٩٦٤م.
خصباك، شاكر/
١٠. الاكراد، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٧٢م.
زاخوبى، ماجد محمد خليل/
١١. الفرسان الحميدية، الطبعة الاولى، دار سپيريز-دهوك، ٢٠٠١م

د. عامر سليمان و مالك الفتيان/
١٢. محاضرات في التاريخ القديم، الطبعه الاولى، مطابع جامعة الموصل-الموصل، ١٩٧٨م.
قنديلچي، عامر ابراهيم/
١٣. البحث العلمي وأستخدام مصادر المعلومات، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩٣م.
د. كاظم حبيب/
١٤. لمحات من عراق القرن العشرين-العراق الملكي-العراق بين نهاية الحرب العالمية الثانية و سقوط النظام الملكي (١٩٤٥-١٩٥٨م)، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة والنشر-أربيل، ٢٠١٣م.
كريدية، أبراهيم عبدالكريم/
١٥. أبناء الشرق، الطبعة الاولى، مؤسسة نوفل-أسيوط، ٢٠٠٧م.
د. كمال مظهر احمد/
١٦. كردستان سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة: محمد ملاكريم، بغداد، ١٩٨٤م.
لونكريك، ستيفن همسلى/
١٧. تاريخ العراق الحديث، ترجمة: سليم طه التكريتي، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨١م.
لويد، سيتون/
١٨. اثار بلاد الرافدين، ترجمة: د.سامي سعيد الاحمد، الطبعة الاولى، دارالرشيد– بغداد، ١٩٨٠م.
مجموعة من المؤرخين/
١٩. العراق في التاريخ، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة والنشر-بغداد، ١٩٨٣م.
محمد امين زكي/
٢٠.تأريخ الدول والأمارات الكردية في العهد الأسلامي، ترجمة: ملاجميل بندى الروزبيانى، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٥٠م.
٢١. تأريخ السليمانية وأنحائها، ترجمة: محمد جميل بندى الروزبيانى، الطبعه الاولى، السليمانيه- ٢٠٠٢م.
٢٢. مشاهير الكرد والكردستان في العهد الاسلامي، ترجمة: سانحة زكي بك، قدم للجزء الثاني و زاد عليه: محمد علي عوني، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر-دمشق، ٢٠٠٦م.
موسيس، خوريناتسى/(٤٩٣م)
٢٣. تاريخ الارمن من البداية حتى القرن الخامس الميلادى، نقله عن الارمنية: نزار خليلى، الطبعة الاولى، دار اشبيلية للدراسات والنشر-دمشق، ١٩٨٧م.
هروتي، د. سعدى عثمان/
٢٤. كوردستان والامبراطورية العثمانية-دراسة في تطور سياسية الهيمنة العثمانية في كوردستان١٥١٤-١٨٥١، الطبعة الاولى، مطبعة خاني-دهوك، ٢٠٠٨م.
هرنشو، ف. ج. س/
٢٥. علم التاريخ، ترجمه وعلق حواشيه واضاف اليه فصلا في التاريخ عند العرب: عبدالحميد العبادى، الطبعة الاولى، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر-القاهرة، ١٩٤٤م.
اليعقوبي، محمد بن ابي يعقوب بن واضح/(٢٩٢هـ/٩٠٤م)
٢٦. تاريخ اليعقوبي، علق عليه وضح حواشيه: خليل منصور، الطبعة الثانية، مطبعة شريعت-قم، ١٤٢٥هـ.ش.
دووەم: بە زمانی کوردی:
ئەحمەد مەحمود عەلی/
٢٧. ناوچەی پێنجوێن لە ئاوێنەی مێژوودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠٠٥ز.
بابان، جەمال/
٢٨. سلێمانی شارە گەشاوەکەم-سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس-هەولێر، ٢٠١٢ز.
بابان، جەمال و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید/
٢٩. سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس-هەولێر، ٢٠١٢ز.
بەدلیسی، شەرەفخان/
٣٠. شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، نجف، ١٩٧٥ز.
پیریاڵ، د. فەرهاد/
٣١. ژنراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٥١ز)،-یەکەمین سیاسەتمەداری کورد کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠١ز.
جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگ/
٣٢. تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی: حسن جاف، پێشەکی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٩٥ز.
حەمەی مام ئەورەحمان/
٣٣. پرۆژەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین-سلێمانی، ١٩٧٩ز.
ئەلحوسینی، عەلی تەقی/
٣٤. مێژووی ٦٤١ ساڵەی فەرمانڕەوای ئەدرەڵانییەکان لە ناوچەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، پێداچوونەوەی: حەسەن عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، چاپ و ئۆفسێتی سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٣ز.
دەلۆ، حسێن اسماعیل خان/
٣٥. ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥ز)- لێکۆڵینەوەیەکی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، ٢٠١٤ز.
دیاکۆنۆف، ئی. م./
٣٦. میدیا، وەرگێڕانی: بورهان قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان-سلێمانی، ٢٠٠٥ز.
زیوەر، عەبدوڵڵا/
٣٧. گەنجینەی مەردان و یادی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی: محمدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٥ز.
سجادی: علاءالدین/
٣٨. ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٦٨ز.

٣٩. خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف-بەغداد، ١٩٧٨ز.
٤٠. دەستووری فەرهەنگ و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٦١ز.
٤١. دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨ز.
٤٢. دوو چامەکەی نالی و سالم، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٣ز.
٤٣. ڕشتەی مرواری، هەڵەگری: نەجمەدین ڕەسووڵ، چاپی یەکەم، سنە، ١٣٨٨ک.ه.
٤٤. شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٩ز.
٤٥. کوردەوای، چاپی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٤ز.
٤٦. گەشتێك لە کوردستانا، چاپی یەکەم، انتشاراتی کوردستان-سنە، ٢٠٢٢ز.
٤٧. محمد امین زکی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٤٨ز.
٤٨. مێژووی ئەدەبی کوردی-مێژوو، ئەدەب، زانیاری، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٢ز.
٤٩. ناوی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٣ز.
٥٠. نرخ شناسی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٠ز.
٥١. هەڵبژاردە، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٣ز.
٥٢. هەمیشە بەهارکۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم، چەپخانەی مەعاریف-بەغداد، ١٩٦٠ز.
٥٣. یادی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٥١ز.
سدیق ساڵح/
٥٤. حکومەتی کوردستان لە سلێمانی (١٩١٨-١٩٢٤ز)، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.
سۆن، مەیجەر/
٥٥. سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، وەرگێڕانی: مینە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.
شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم/
٥٦. شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست-سلێمانی، ٢٠٠٢ز.
عوسمان سەیدقادر/
٥٧. ژیاننامەی مێژوونووسانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠٠١ز.
د. کەمال مەزهەر ئەحمەد/
٥٨. مێژوو (کورتە باسێکی زانستی مێژوو کورد و مێژوو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الافاق العربیة- بغداد، ١٩٨٣ز.
د. کەیوان ئازاد ئەنوەر/
٥٩. حەمەڕەشیدخانی بانە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٤ز.
٦٠. ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، ٢٠٢٠ز.
٦١. کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٦ز..
لالۆ پێنجوێنی، عەبدولڕەحمان/
٦٢. مێژووی پێنجوێن و ناوچەکەی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەژین-سلێمانی، ٢٠٠١ز.
مالقوم، سیرجون/
٦٣. پاڵەواتانی زەند، وەرگێڕانی: د. حەسەن فەهمی جاف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠١٩ز
محەمەد ئەمین زەکی/
٦٤. تاریخی سلێمانی وە ولاتی، ئامادەکردنی: رفیق ساڵح، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠٠٥ز.
٦٥. خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٤ز.
نەوشیروان مستەفا ئەمین/
٦٦. میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز
سێیەم: بە زمانی فارسی:
اسمیت، برندا/
٦٧. مصر باستان، ترجمە: ازیتا یاسایی، چاپ چهارم، انتشارات ققنوس-تهران، ١٣٨٤ه.ش.
توکلی، محمد رووف/
٦٨. جغرافیا و تاریخ بانە کردستان، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٣ه.ش.
زرین کوب، عبدالحسین/
٦٩. تاریخ در ترازوو، چاپ سوم، انتشارات امیر کبیر، چاپخانە سپهر-تهران ،١٣٧٠ه.ش.
پی گریمال، پر/
٧٠. اسطورەهای بابل و أیران باستان، ترجمە: أیرج علی أبادی، چاپ أول، تهران ١٣٦٩ه.ش.
فردوسی، ابوالقاسم/
٧١. شاهنامە، بکوشش: د سعید حمیدیان، چاپ سیزدهم، چاپ نیکا-تهران، ١٣٨٧ه.ش.
هیرودوت/
٧٢. تاریخ هیرودوت، ترجمە: غلامعلی وحید مازندرانی، چاپ پنجم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی-تهران، ١٣٨٧ه.ش.
چوارەم: بڵاوکراوەکان:
ا. بە زمانی عەرەبی:
٧٣. جريدة الجمهورية، العدد (١٠)، (٢٨ تموز١٩٥٨)، بغداد.
٧٤. الوقائع العراقية، العدد (٢)، في (٢٨ تموز١٩٥٨)، بغداد.
ب. بە زمانی کوردی:
٧٥. خواجە، ئەحمەد: بیرەوەییەکی مێژوویی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، ساڵی (١٩٨٦ز)، بەغداد.
٧٦. ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە (١٠)، بەرواری (١٩٢٢/١٠/١٥)
٧٧. ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (١)، ڕۆژی (پێنجشەممە)، بەرواری (١٩٢٠/٤/٢٩ز).
پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان:
٧٨. (بێستون عەلی کەریم)، ڕۆژی (هەینی)، بەرواری (٢٠٢٢/٤/٢٢ز)، شاری (سلێمانی).
٧٩. (حەمەسەعید حەمەکەریم)، رۆژی()، بەرواری (٢٠٢٢/١/٨ز)، شاری (سلێمانی).

٨٠. (سەڵاحەددینی موهتەدی، ڕۆژی (شەممە)، بەرواری (٢٠٢٢/٤/٢ز)، شاری (سلێمانی).

٨١. شنۆ شێخ لەتیفی حەفید)، ڕۆژی (دووشەممە) بەرواری (٢٠٢٢/٦/٦)، شاری (سلێمانی).

٨٢.(موحەممەدئەمین پێنجوێنی)، ڕۆژی (دووشەممە)، بەرواری (٢٠٢٢/٦/٦ز)،شاری (سلێمانی).

ملخص البحث

يعد (علاءالدين سجادي) في مقدمة الكتاب والصحفيين الكرد الذي قام بتدوين العديد من المقالات والكتابات التأريخية حول الكرد. رغم أنه في مقدمة العلماء المسلمين الكرد، لكن لم ينس تاريخ شعبه والحوادث المحيطة به، وقد خصص كتابا خاصا حوله، علاوة على مذكراته وكتاب بعنوان (رشتەی مرواری).

من هنا ولغرض إلقاء الضوء على دور هذا العالم الديني والكاتب والصحفي المشهور و دوره في تدوين تأريخ الكرد، قمنا بكتابة هذا البحث تحت عنوان (الكرد في مكتوبات علاءالدين سجادي-رشتەی مرواري نموذجا). وقسمنا البحث على مدخل و خمسة مباحث. ففي المدخل تطرقنا الى حياة علاءالدين سجادي و كتاباته. أما في المبحث الاول أشرنا الى محاولاته حول كتابه تأريخ الكرد و (رشتەی مرواری) نموذجا. وخصصنا المباحث الثانية الى الخامسة، للأوضاع السياسية والدينية والاقتصادية والاجتماعية في كردستان، كما جاء في الكتاب. واختتمنا بحثنا هذا بعدة نتائج وصل اليها الباحث، مع أهم المصادر والمراجع الذي رجعنا اليه لكتابة البحث. وقد كتبنا بحثنا هذا للمؤتمر العلمي الحادي عشر لجامعة كرميان بالتعاون مع المركز الثقافي للأدباء والكتاب في كلار، واتمنى ان ينال بحثنا هذا رضى الجميع ومن الله التوفيق.

**Abstract**

(Aladdin Sajadi) is at the forefront of Kurdish writers and journalists who have written many articles and historical writings about the Kurds. Although he was at the forefront of Kurdish Muslim scholars, he did not forget the history of his people and the incidents surrounding them, and a special book was devoted to him, in addition to his memoirs and a book entitled (Rashta Marwari).

From here and for the purpose of highlighting the role of this famous religious scholar, writer and journalist and his role in codifying the history of the Kurds, we have written this research under the title (The Kurds in the writings of Aladdin Sajadi - Rashta Marwari as an example). We divided the research into an introduction and five sections. In the introduction, we discussed the life and writings of Aladdin Sajjadi. As for the first topic, we referred to his attempts on his book History of the Kurds and (Rashti Marwari) as a model. We devoted the second to fifth sections to the political, religious, economic and social conditions in Kurdistan, as stated in the book.

We concluded this research with several results reached by the researcher, with the most important sources and references that we reviewed to write the research. We wrote this research for the eleventh scientific conference of Garmian University in cooperation with the Cultural Center and for writers and writers in Kalar.